# أثر استخدام استراتيجيتي PECS و PLAN في تنمية الذكاء الشخصي لدى طالبات الصف السابع الأساسي في مادة الأدب الكوردي

چيمن همزه درويش

قسم رياض الأطفال، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين/أربيل

chiman.drwish@su.edu.krd

أ.د. سلوى احمد امين

قسم رياض الأطفال، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين/أربيل

salwa.ameen@su.edu.krd

أ.م.د. فرهنگ مظفر محمد

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساس، جامعة صلاح الدين/أربيل،أربيل،إقليم كوردستان–العراق

farhang.muhamad@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجية ، PECS، PLAN ، الذكاء الشخصي ، الأدب الكوردي

**كيفية اقتباس البحث**

درويش , چيمن همزه , سلوى احمد امين , فرهنگ مظفر محمد , أثر استخدام استراتيجيتي PECS و PLAN في تنمية الذكاء الشخصي لدى طالبات الصف السابع الأساسي في مادة الأدب الكوردي, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، اذار ٢٠٢٦,المجلد:١٦ ,العدد:٣ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Impact of Using PECS and PLAN Strategies on the Development of Personal Intelligence Among Seventh-Grade Basic Education Students in Kurdish Literature

Chiman Hamza Drwish
Department of Kindergarten,
College of Basic Education,
Salahaddin University-Erbil
chiman.drwish@su.edu.krd
Prof. Dr. Salwa Ahmed Amin
Department of Kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil
salwa.ameen@su.edu.krd
Assistant Professor Dr. Farhang Muzaffar Muhammad
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil
farhang.muhamad@su.edu.krd

**Keywords** : **Strategy, PECS, PLAN, Personal Intelligence, Kurdish literature**

**How To Cite This Article**
Drwish , Chiman Hamza ,Salwa Ahmed Amin , Farhang Muzaffar Muhammad , The Impact of Using PECS and PLAN Strategies on the Development of Personal Intelligence Among Seventh-Grade Basic Education Students in Kurdish Literature Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
The current research aims to find out (The effect of using PECS and PLAN strategies in developing the personal intelligence among of the seventh-grade students in the subject of Kurdish literature. To achieve the goal of the research, the researcher chose an experimental approach with an experimental design with a partial control of the three research groups (an experimental

group and a control group) and a pre-test and a post-test, and defining the research community is limited to Seventh grade students at the (Geshbin Primary School) for Girls, affiliated with the Erbil Central Education Directorate, for the academic year (2024-2025). The research sample was intentionally chosen, which exaggerated (80) students, with (25) students in the first experimental group who studied Kurdish literature according to the PECS strategy, and (27) students in the second experimental group who studied Kurdish literature according to the PLAN strategy, and (28) student in the control group who studied the same subject in the traditional way. As for the research tool, the researcher created a scale to personal intelligence, with a total of (35) items. In terms of statistics, the validity was confirmed, its reliability was calculated, and its discriminatory power and the relationship of each item of the scale to the total score were determined. After analyzing and processing the results of the students' responses, the researcher statistically analyzed the differences using one-way analysis of variance (ANOVA) and Schaffe's method are used to determine the significance of the difference at the level of (0.05) between groups. The results showed that there was a statistically significant difference between the three groups on the personal intelligence scale, with the two experimental groups coming out on top. In conclusion, the researcher reached a number of conclusions, recommendations, and suggestions that serve the purpose of the current research.

الملخص

يهدف البحث الحالي إلى معرفة (أثر استخدام استراتيجيتي PECS وPLAN في تنمية الذكاء الشخصي لدى طالبات الصف السابع في الأدب الكوردي). لتحقيق هدف البحث، اعتمدت الباحثة على منهج تجريبي ذات تصميم شبه التجريبي، حيث تم تقسيم الطالبات إلى مجموعات البحث الثلاث (مجموعة تجريبية ومجموعة ضابطة) واختبارا قبليا وبعديا، يتكون مجتمع البحث من طالبات الصف السابع في مدرسة (گەشبين الأساسية) للبنات التابعة لمديرية المركزية لتربية أربيل للعام الدراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، والتي بلغت (٨٠) طالبة، بواقع (٢٥) طالبة في المجموعة التجريبية الأولى والتي درست مادة الأدب الكوردي على وفق استراتيجية بيكس PECS و (٢٧) طالبة في المجموعة التجريبية الثانية والتي درست مادة الأدب الكوردي على وفق استراتيجية بلان PLAN، بينما (٢٨) طالبة في المجموعة الضابطة التي درست المادة نفسها بالطريقة التقليدية. بالنسبة لأداة البحث قامت الباحثة بإعداد مقياس التفكير الإيجابي إذ بلغت عدد فقراته (٣٥) فقرة، وقد تم تأكد من صدقه ، وحساب ثباته ، ومن القوة التمييزية وعلاقة كل فقرة من فقرات المقياس بالدرجة الكلية، بعد تحليل نتائج الإجابات الطالبات ومعالجتها قامت الباحثة بتحليل الاحصائي الفروق باستخدام تحليل التباين الأحادي (ANOVA) واختبار شيفيه (Schaffe test) لمعرفة دلالة الفرق عند مستوى (٠,٠٥) بين المجموعات، أظهرت النتائج وجود فرق ذو دلالة إحصائية بين متوسط درجات طالبات المجموعات

الثلاث في مقياس الذكاء الشخصي ولصالح المجموعتين التجريبيتين، في الختام، قدمت الباحثة عدد من الاستنتاج والتوصيات والمقترحات تخدم الاغراض البحث الحالي.

**کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی PECS و PLAN لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا**

**چیمەن هەمزە درویش/ بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر chiman.drwish@su.edu.krd**
**پ. د. سەلوا ئەحمەد ئەمین/ بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر salwa.ameen@su.edu.krd**
**پ.ی.د. فەرهەنگ موزەفەر محەمەد/ بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر farhang.muhamad@su.edu.krd**

**پوختەی توێژینەوە:**
ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەزانینی ( **کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی PECS و PLAN لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا)**، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێنا، هەروەها دیزاینی نیمچە ئەزموونی بە ڕێکخستنی بەشی هەڵبژارد (گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار) بەتاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە، کۆمەڵگای توێژینەوەی پێکدێت لە قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبەڕێوەبەرایەتی ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی (گەشبینی بنەرەتی کچان)ی هەڵبژارد وەك سەمپڵی توێژینەوە کەژمارەیان (٨٠) قوتابی کچ بوو؛ بەجۆرێك (٢٥)قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری یەکەم کە وانەیان بە ستراتیژیەتی پیکس (PECS) خوێند و (٢٧) قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری دووەم کە وانەیان بە ستراتیژیەتی پلان (PLAN) خوێند و (٢٨) قوتابی وەك گروپی کۆنترۆڵکار کە هەمان وانەیان بە ڕێگای ئاسایی خوێند. سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوە توێژەر پێوەری زیرەکی کەسی ئامادەکرد، کە ژمارەی برگەکانی لە (٣٥) برگە پێکهاتووە، پاشان توێژەر ڕاستی و دروستی و جێگیری و هێزی جیاکەرەوەی برگەکان و و پەیوەندی نێوان هەریەکە لەنمرەی برگە بەنمرەی گشتی پێوەرەکە، دوای شیکردنەوەی وەڵامی قوتابیان توێژەر سەرەدەری ئاماری بە بەکارهێنانی شیتەڵکردنی جیاوازیە یەکییەکان (One way Anova) و ڕێگای شیفیە ( Schaffe test) بۆ زانینی جیاوازی لەئاستی (٠,٠٥) نێوان گروپەکان، بەپێی ئەنجامەکان دەرکەوت کە جیاوازی مانادارى ئاماری بوونی هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەرسێ گروپی توێژینەوە لەپێوەری زیرەکی کەسی و لەبەرژەوەندی گروپەکانی ئەزموونگەری، لەکۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو، کە خزمەتی مەبەستی توێژینەوەی بەردەست دەکات.

**کلیلی وشەکان: ستراتیژیەت ، پیکس (PECS) ، پلان (PLAN) ، زیرەکی کەسی ، ئەدەبی کوردی**

**گرفتی توێژینەوە:**

پەروەردکاران لە ڕابردوو و لە ئێستادا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی بەردەوامن لەسەر ڕێگا پەروەردەییەکان، گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆربەی کتێبە پەروەردەییەکانی گرتۆتەوە ، مێژووی بیری پەروەردەیی هەوڵی بەردەوام دەدات لەپێناو گەیشتن بە ڕێگای دروست و گونجاو، ڕەنگە هۆکاری ئەم چالاکییە ئەوەبێت، کە ڕێگا ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی وانەوتنەوە (ابراهیم، ١٩٦٨: ٣١)؛ هەر بۆیە ڕوانگەی فێرکردن لە پێگوتن و ئەزبەرکردن گواستراوە بۆ نموونەیەکی دینامیکی، کە جەخت لەسەر بنیاتنانی مەعریفە و گەشەپێدانی کارامەییە باڵاکانی فێرکردن و ئامادەکردنی قوتابیان دەکاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگییەکانی ژیاندا، بەمەش پێداچوونەوە کرا بە ڕۆڵی قوتابخانە و ئەرکەکانی و

بە پێویست زانرا دیزاینی پرۆگرامی خویندن بکرێت، کە نەرمی نواندنی تێدابێت و پەیوەندیداربێت بە چوارچێوەی ژیانەوە، بەجۆرێك نوێکردنەوەی شێوازەکانی وانەوتنەوە هانی بەشداریکردنێکی کارا و فێربوونی خودی و فێربوونی هەرەوەزی بدات (المندلاوي (أ)، ٢٠٢٦: ١٣)

فێرکردنی دەقی ئەدەبی تەنیا کاتێك کاریگەر دەبێت قوتابی چێژ لە لایەنە جوانییەکانی دەقەکە وەربگرێت و مامۆستا ئەو ئامانجەی لەبەرچاوگرتبێت، لەگەڵ ئەوەی بابەتی ئەدەب گرنگە، بەڵام گرفتی زۆر هەن کە مامۆستایانی ئەدەب پێیەوە دەناڵێنن و بریتین لە: دووركەوتنەوەی قوتابی یاخود ڕاکردن لە ئەزبەرکردنی دەقەکان و بە ئەرکی قورسی دادەنێن و گرنگی کەمی پێدەدەن(الوائلي، ٢٠٠٤: ٤٣-٤٤)، لەوانەیە یەکێك لەهۆکارەکان پەیوەست بێت بەپیادەکردنی ئەو ڕێگا و ستراتیژیەتەی وانەوتنەوە کەمامۆستا پەیرەوی دەکات لەگەیاندنی بابەتی وانە کە قوتابی تەنها گوێگر و مامۆستاش تەنها قسەکەر دەبێت.

لێرەدا بەگرنگ دەزانرێت ئامانجی لەپێشینەی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ئەدەب بریتی بێت لە بەکارهێنانی باشترین ڕێگا و ستراتیژیەت بۆ وانەوتنەوە، کە بگونجێت لەگەڵ مەبەستی سەرەکی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتر ئەوە لەبەرچاوبگرێت و پلانی پێشوەختە دابنێت، کە چۆن ئەم ڕێگایانە بەکاربهێنێت تێیدا هانی بیرکردنەوەی قوتابی بدات و بتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ توانا ئەقڵییەکانی لەخزمەت بابەتی وانە بخاتەڕوو.

بەکارنەهێنانی ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك لەلایەن مامۆستایانەوە زۆربەی کات دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کات لە ئامادەکردنی پێشوەختەی کەرەستە و ئامرازەکان و نەبوونی ئامرازی بەردەست لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی فێربوونی چالاك و زۆری ژمارەی قوتابیان و نەبوونی شوێن یاخود پۆلی گەورە لە جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکان، ئەمانە لە لایەك لە لایەکیترەوە زۆربەی مامۆستایان خۆیان وەك وانەبێژێکی سەرکەوتوو و باش دێتە پێشچاو و هیچ هۆکارێك بۆ گۆڕانکاری لە ستراتیژیەت و شێوازی وانەوتنەوە نابینن. (Bonwell, 2017: 4-5)

هەروەك ئەم گرفتە لە بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکانی میتاکۆگنیشن بەهەمان شێوە بوونی هەیە و زۆرینەی مامۆستایان بۆ ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا دەیگەڕێننەوە، ئەمە جگە لە چەند هۆکارێکیتری وەك ڕانەهێنانی قوتابیان لە بەڕێوەبردنی بیرکردنەوە و توانا ئەقڵییەکانیان و نووسینی تێبینی و چۆنییەتی بیرکردنەوە لە بابەتەکان.

توێژەر لە ئەنجامی پێداچوونەوە بە چەند سەرچاوەیەکی پەیوەندار ئەو هەستەی لا دروستبوو، کە ئەم ڕێگا و شێوازەی پەیرەو دەکرێت لە وانەوتنەوەدا ڕەنگە لەگەڵ ئەنجام و ئامانجی خوازراوی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن یەکنەگرێتەوە، بۆیە توێژەر بۆ دڵنیابوون لەو گرفتانەی ئاماژەیان پێکرا دەستیکرد بە ئامادەکردنی ڕاپرسییەك بۆ ژمارەیەك لە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغە بنەڕەتییەکان، کە ژمارەیان (٢٥) مامۆستا بوو دەرکەوت، کە ڕێژەی (٩٠%) و بەسەرەوەی مامۆستایان ڕێگا و شێوازە نوێ و سەردەمییەکانی وانەوتنەوە بەکارناهێنن و ئاشنای ستراتیژیەتە نوێیەکان نین، هەروەها قوتابیان دەستکەوتی خوێندنیان لەئاستی چاوەڕوانکراودا نییە و زۆرینەی مامۆستایان هۆکارەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ زۆری ژمارەی قوتابیان و نەبوونی کەرەستە و ئامرازی پێویست و گرنگینەدانی قوتابیان بە خوێندن و فێرکردن و دابیننەکردنی کەشێکی پڕ لە خۆشەویستی و متمانە لەنێوان مامۆستا و قوتابی، هەموو ئەمانەی سەرەوە هۆکارن بۆ دواکەوتن و نزمبوونەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بە هەموو لقەکانیانەوە بەتایبەتی ئەدەب ئێمە مەبەستمانە ، ئەم گرفتانە یەکدەگرنەوە لەگەڵ زۆربەی توێژینەوەکان لەم بوارانەدا ئەنجامدراون وەك: توێژینەوەی (عمر، ٢٠١٥) و (محمد، ٢٠١٥) و (احمد، ٢٠٢٣) کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بەکارنەهێنانی ستراتیژیەتە نوێیەکانی وانەوتنەوە کاریگەری لەسەر ئاستی زیرەکی و توانا و کارامەییە ئەقڵیەکان و مەیل و ئارەزوو و پاڵنەری فێربوون دروستدەکەن.

ئەمانەی خرانەڕوو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی توێژەر بیر لە بەکارهێنانی دوو ستراتیژیەتی سەردەمیانەی وانەوتنەوە بۆ بابەتی ئەدەبی کوردی بکاتەوە، ئەوانیش بریتیی بوون لە ستراتیژیەتەکانی پیکس (PECS) و پلان (PLAN)، کە ئەمانە دوو ستراتیژیەتی نوێی وانەوتنەوە دادەنرێن، هەروەها قوتابی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن دەبێت جا فێربوونی تاکەکەسی بێت یان لەچوارچێوەی کۆمەڵ و گروپی هەرەوەزی بێت، لەهەمانکاتدا دروستکردنی ژینگەیەك هانی بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی کەسی قوتابیان بدات.

توێژەر گرفتی توێژینەوەی بۆ ئەم پرسیارەی خوارەوە پوختدەکاتەوە:

- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پیکس (PECS) و پلان (PLAN) لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی چ کاریگەرییەکی لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا دەبێت؟

## گرنگی توێژینەوە:

لەژێر رۆشنایی شۆڕشی زانیارییەکان و تەقینەوەی خێرای مەعریفی، کە ئەم سەدەیەی پێ جیادەکرێتەوە بۆتە پێویستییەك لەسەر رێکخراوە پەروەردەییەکان بە گشت پێکهاتەکانیەوە، لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریە خێرایە خۆیان بگونجێنن، ڕاسپاردەی کۆنفرانسە نەتەوەییەکان بۆ پێشخستنی فێرکردنی ناوەندی و سیاسەتەکانی وەرگرتن لە فێرکردنی زانکۆدا، بە پێویست دەزانرێت بۆ گۆڕینی فەلسەفە و ئامانجەکانی فێرکردن، لە فێرکردنی ئاسایی کە پشت بە توانای مامۆستا دەبەستێت و لە قوتابییەکی نەرێنی، کە تەنها ئەوە وەردەگرێت پێشکەشی دەکرێت بۆ فێربوونێکی چالاك کە جەخت لەسەر قوتابی دەکاتەوە. (علي، ٢٠١١ :٢٣٣)

لەهەمانکاتدا پرۆگرام بە مانا سەردەمییەکەی بریتییە لە کۆمەڵێك ئەزموون و زانیاری پەروەردەیی، کە قوتابخانە رێکیدەخات لە ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە بە ئامانجی یارمەتیدانی قوتابی بۆ گەیشتن بە باشترین توانا، هەروەها تاکێك بێت درکبکات و هەڵسوکەوتبکات و باشبێت و کارلێك بکات لە کۆمەڵگادا. (الزويني واخرون، ٢٠١٣: ٢٤)

ئاشکرایە ئەدەب وەك کایەیەکی مەعریفی ڕایەڵەکانی بەنێو تەواوی لایەنەکانی ژیاندا ڕۆچووە، جا ئەو لایەنانە پەیوەندییان بە ئەقڵەوە هەبێت یان هەستەکان یاخود پێداویستییە مادديەکانمان، ئەدەب بە سروشتی خۆی پێویستی بە بەراورد و هاوسەنگی هەیە و هیچ ڕێگیرییەك نیە بۆ قووڵبوونەوە لەم بابەتەدا مەگەر قوتابی خۆی شارەزا نەبووبێت لەم کلتورە پتەو و فراوان و قووڵە (حسين، ١٩٨٩: ١٨)، لەلایەکیترەوە گوتنەوەی بابەتی ئەدەب بەشێوەیەکی ئاسان وەك سروود و لەبەرکراوەکان یان لەئاستی قووڵتردا وەك ئەو دەقە ئەدەبییانەی پێویستی بە شیکردنەوەی ڕەوانبێژی هەیە وەك لە قۆناغی ناوەندی، ئەوا ئەو وانەیە یارمەتیدەرێکی پەروەردەیی گرنگ دەبێت و بوار دەدات بۆ ناسینی پرسیاری قوتابیان و شیکردنەوەکانیان و پاڵپشت دەبێت لە بەدیهێنانی باوەڕبەخۆبوون و ڕۆحی مەترسیکردن کە پێویستە بۆ پرۆسەی گەڕان و دۆزینەوە و حەزی گەڕان، هەروەها ڕزگاربوون لە شێوازە ئاساییەکانی بیرکردنەوە و بەدواداچوون لە پشکنین و دۆزینەوە، هەموو ئەمانە دەتوانن زەمینەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ قوتابی دابین بکەن، کە تایبەتمەندییەکانی داهێنان لەبەرچاوبگرێت و گەشەی پێدەدات لەمیانی پرۆسەی کارلێککردندا بە وروژاندنی بەهرەکان یان هەوڵدان بۆ گەشەپێدانیان. (فضل الله، ٢٠٠٣: ١٩٧)

وانەوتنەوە پیشەیەکی زانستی بەرزە پێویستە ئەوانەی خۆیان بۆ تەرخان دەکەن درك بە ڕەفتار و ئادابەکانی بکەن، ئەمە لەلایەك و درك بە سروشتی پیشەکەیان و ئەو بناغەیەی لەسەری بنیاتنراوە بکەن، هەروەها دەبێت خاوەنی تێگەیشتنێکی ورد بێت بە پێکهاتەکانی ئەو پرۆگرامەی پێیانسپێردراوە و جێبەجێی بکەن و ئاگادارییەکی تەواویان هەبێت لەو بەرپرسیاریەتەی پێیان دراوە (الحاوري وقاسم، ٢٠١٦: ١٠)، لەهەمانکاتدا رێگا سەردەمییەکانی وانەوتنەوە گۆڕانکاری چۆنایەتی دەکەن بەرەو ژینگەیەکی فێرکاری پڕ لە نوێکاری و زیندوو، ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر دەستکەوتی خوێندنی قوتابیان هەیە (المندلاوي (ب)، ٢٠٢٦: ٥٤٧).

ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك لە گرنگترین نوێگەرییە زانستیی و کردارییەکان دادەنرێت لەم ساڵانەی دواییدا، لەبەرئەوەی ڕێگای نوێ و داهێنەرانەی بۆ مامۆستا و قوتابیان دابینکردووە لە گەیشتن بە زانیاریەکان بە ڕێگای نائاسایی، بۆیە ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك ئامانجی سەرەکییان بەدیهێنا کە بریتین لە فێرکردنی هونەری سەرکردایەتی لای قوتابیان و چۆنیەتی پشتبەخۆبەستن لە سەرکردایەتیکردنی چارەنووسی ژیانیان (عبدالسلام، ٢٠٢١: ٩)، ستراتیژیەتی پیکس (PECS) بە یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك دادەنرێت ، کە مامۆستا پەیڕەوی دەکات لەگەڵ قوتابیان و هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بابەتی وانە لەشێوەی گرفتێك و قوتابیان گرفتەکە و هۆکاری دروستبوونی گرفتەکە و چارەسەری پێشنیازکراو دەخەنەڕوو، ئەمەش لە کەشێکی پڕ لە وروژاندنی پاڵنەر و گفتوگۆکردنی بە کۆمەڵ لە بابەتێکی دیاریکراودا. (أحمد، ٢٠٢٣: ١٠٠٣)

لەبایەکیترەوە ستراتیژیەتەکانی میتاکۆگنیشن پێویستیەکی سەرەکیە لەبەرئەوەی یارمەتی قوتابی دەدات لە بەدیهێنانی سەرکەوتن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستە نوێیەکان ، قوتابی دەبێت بە بیرمەند و فێرخواز بەدرێژایی ژیان، ووڵ فۆلك (Wool Folk) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بیرکردنەوە لە میتاکۆگنیشن لەگەڵ تەمەن پێشدەکەوێت، قوتابیان لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەمەنیان کۆمەڵێك ستراتیژیەتی کارا پەرەپێدەدەن بۆ باشکردنی پرۆسەی بیرهێنانەوەی زانیاری و ڕێکخستن و چاودێریکردنی بیرکردنەوەکانیان (المسعودي والهداوي، ٢٠١٨: ٩٤)، ستراتیژیەتی پلان (PLAN) بە یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی میتاکۆگنیشن دادەنرێت، کە یارمەتیدەری قوتابی دەبێت لە پوختکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتی وانە، هەروەها ئەم ستراتیژیەتە کۆمەڵێك ستراتیژیەتی خوێندنەوە و فێرکردن بەیەکەوە یەکدەخات، لەمیانی ئەم ستراتیژیەتە قوتابی هەڵدەستێت بە پێشبینیکردنی بابەتی وانە بە پشتبەستن بە مەعریفە و پێشینەی زانیاریەکانی هەروەها وشە و چەمکە ئاشنا و نائاشناکان لە بابەتەکە دیاردەکات، ئەمە لە لایەك لە لایەکیتر وەرگرتنی زانیاری و مەعریفەیەکی نوێ و زیادکردنی بۆ سەر پێشینەی زانیاریەکانی و نووسینی تێبینی لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی زانیارییە نوێیەکان لە ئەرکەکانی ڕۆژانەیاندا . (ابراهیم، ٢٠٠٥: ١٣٣-١٣٤)

زیرەکی کەسی بەواتای ناسینی خود و توانا لەسەر مامەڵەکردنێکی گونجاو لەسەر بنەمای ئەم مەعریفە، بەگوێرەی ئەم زیرەکییە تاك وێنەیەکی وردی لایەنی بەهێزی و سنوور و هۆشیاری ناوخۆیی و پاڵنەرەکان و میزاج و هەڵچوون و ئارەزووەکان و توانا لەسەر باشکردنی خود و تێگەیشتن و پێزانینەکانی لا دروستدەبێت. (المسعودي والهداوي، ٢٠١٨: ٢٩٠)

چەمکی زیرەکی کەسی بریتییە لە توانای ناسینی خود و تێگەیشتنی خاڵی لێکچوونی نێوان مرۆڤەکان و دیارکردنی ئەو تایبەتمەندیانەی، کە تاکەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە (العتوم واخرون، ٢٠١٤: ١٥٥)، هەروەها بریتییە لە تێکەڵبوون بە گرفتەکان و گەیشتن بە دیدگا و هەستی کەسی پەیوەست بە گرفتەکە و پشکنینێکی قووڵ، هەروەك هاندانی خاوەنی ئەم جۆرە بۆ کارکردن بەشێوەی تاکەکەسی و فێربوون لە ڕێگەی کارکردنی سەربەخۆ و کارکردن لەو پرۆژانەی بەشێوەی تاکەکەسی و بەپێی ڕیتمێکی تایبەت دەڕواتە ڕێوە، کەواتە تاکەکان لەم جۆرەدا داهێنان لە بواری تێڕامانی خودی و شیکردنەوەی دەروونی دەکەن. (الكعبي، ٢٠١٨: ١٢٠)، لەوانەی سەرەوە توێژەر **لایەنی تیۆری** توێژینەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دارشت:

- بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك و میتاکۆگنیشن لە وتنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا وادەکات قوتابی بەشدارییەکی کارا و بەرچاوی هەبێت، لەبەرئەوەی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون و فێرکردنە.
- گرنگی زیرەکی کەسی لە گەشەپێدانی ئاستی قوتابیان و ناسینی لایەنی بەهێزی و لاوازی و ئەرێنی و نەرێنی خۆی لەبارەی بابەتی وانەوە.
- گرنگی پۆلی حەوتەم ئەم قۆناغە دەستپێکی خوێندنی بابەتی ئەدەبی کوردیە و قوتابی وەك بەشێکی سەربەخۆ لەناو پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی وەریدەگرێت.

**لەڕووی پراکتیکیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە دەردەکەوێت:**

- گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پیکس (PECS) وەك یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك لە وتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردیدا هانی بەشدارییکردنی قوتابیان لە گروپی بچووك بچووك دەدات لەچوارچێوەی ئامانج و مەبەستی وانە.
- گرنگی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پلان (PLAN) وەك یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی میتاکۆگنیشن وادەکات قوتابی تێگەیشتنی زیاتری قوتابیان لەبارەی برگە و بابەتەکانی وانە.
- نەبوونی هیچ توێژینەوەیەك (بە پێی زانینی توێژەر) کە کاریگەری هەردوو ستراتیژیەتی پیکس (PECS) و پلان (PLAN) تاقیکرابێتەوە لەگەشەپێدانی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

**ئامانجی توێژینەوە:** زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (PECS) و (PLAN) لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا.

**گریمانەکانی توێژینەوە:**

١. جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەرسێ گروپی توێژینەوە لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.

ئەم گریمانەی سەرەوە چەند گریمانەیەك لەخۆدەگرێت، لەوانە:

- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم، کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن و ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار، کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.
- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دووەم، کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن و ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار، کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.
- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم، کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن و ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دووەم، کە هەمان بابەت بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.

٢. جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەر یەك لە گروپەکانی توێژینەوە لە هەردوو جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینە لە پێوەری زیرەکی کەسیدا.

ئەم گریمانەی سەرەوە چەند گریمانەیەك لەخۆدەگرێت، لەوانە:

- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم، کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لە جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەدا.
- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم، کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لە جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەدا.
- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار، کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لە جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەدا.

**سنووری توێژینەوە:**

- **سنووری مرۆیی:** پێکدێت لە قوتابییانی کچ لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (گەشبینی بنەڕەتی) کچان.
- **سنووری شوێنی:** قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر.
- **سنووری کاتی:** وەرزی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥.
- **سنووری بابەتی:** بابەتەکانی ( قانیع ، جگەرخوێن ، بەختیار زێوەر ، سەلام ، ئەحمەد موختار جاف ، هێمن) لە بەشی ئەدەبی پەرتوکی خویندنی (زمان و ئەدەبی کوردی)ی بڕیاردراو بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان/عیراق بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥.

**دیاریکردنی زاراوەکان:**

١. **ستراتیژیەت: - (عطية، ٢٠١٣):** بەواتای ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و گشت هەنگاو و ڕێکارەکان و پلانی وانەوتنەوە لای مامۆستا لەخۆدەگرێت، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی پرۆگرامەکە، بەمەش ستراتیژیەت بە چەمکە گشتیەکەی هەموو ئەوکارانە لەخۆدەگرێت، کە مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرام. (عطية، ٢٠١٣: ٢٦٢)
- **(شحاتة والنجار، ٢٠٠٣):** بەواتای بەکارهێنانی توانا و ئامرازی بەردەستە بە ڕێگەیەکی گونجاو بۆ ئامادەکردنی هەلێك یاخود دەرفەتێکی فێرکاری لە بەرانبەر قوتابیان بۆ ئەوەی فێربن. (شحاتة والنجار، ٢٠٠٣: ٣٩-٤٠)

**پێناسەی تیۆری (ستراتیژیەت):** هەلێکی فێربوونە خۆی دەبینێتەوە لە دارشتنی پلان و ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئامراز وکەرەستە بۆ خزمەتکردن یان بەڕێوەچوونی ستراتیژیەتی وانەوتنەوە.

**پێناسەی ڕێکاری بۆ (ستراتیژیەت):** بریتییە لە کۆمەڵێك هەنگاو و چالاکیە، کە توێژەر بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوی ستراتیژیەتەکانی توێژینەوە بەکاریدەهێنێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

٢. **ستراتیژیەتی پیکس (PECS): - (Muhammad, 2020):** بە یەکێك لە ستراتیژیەتە بنیاتنەرەکان دادەنرێت لەسەر بنەمای فێربوونی چالاکانە دامەزراوە، یارمەتیدەری قوتابی دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەها ئەم ستراتیژیەتە چوار وشەی کورت لەخۆدەگرێت کە مامۆستا پرسێك یان بابەتێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو و قوتابیان لە چوارلاوە گفتوگۆی لەسەر دەکەن. (Al-Quraishi & Al-Khaffaf, 2021: 2673)
- **(راضي، ٢٠١٧):** یەکێکە لە ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك، کە مامۆستا پەیڕەوی دەکات لەگەڵ قوتابیان و هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی بابەتی وانە لەشێوەی گرفتێك و قوتابیان گرفتەکە و هۆکاری دروستبوونی گرفتەکە و چارەسەری پێشنیازکراو دەخەنەڕوو، ئەمەش لە کەشێکی پڕ لە وروژاندنی پاڵنەر و گفتوگۆکردنی بە کۆمەڵ لە بابەتێکی دیاریکراودا. (أحمد، ٢٠٢٣: ١٠٠٣)

**پێناسەی تیۆری ستراتیژیەتی (پیکس -PECS):** بە یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك دادەنرێت تیایدا قوتابیان دابەشی سەر گروپی بچووك بچووك دەکرێن و ئاڵوگۆڕی زانیاریەکان دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتێك یان بابەتی وانە بەگوێرەی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیژیەتە.

**پێناسەی ڕێکاری ستراتیژیەتی (پیکس -PECS):** یەکێکە لە ستراتیژیەتەکانی فێربوونی چالاك، کە مامۆستا بۆ وتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی بۆ گروپی ئەزموونگەری یەکەم بەکاریدەهێنێت تیایدا قوتابیان دابەشی سەر گروپەکان دەکرێن و هەنگاوەکانی ستراتیژیەتەکە جێبەجێدەکرێت.

٣. **ستراتیژیەتی پلان (PLAN): - (جواد، ٢٠٢٠):** یەکێکە لە ستراتیژیەتەکانی سەرووی مەعریفە، کە گرنگی بە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێشبینیکراو لای قوتابیان دەدات و هەریەك لە پیتەکانی وشەی (PLAN) ئاماژە بۆ قۆناغێك دەکەن لە چوار هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

ئەم ستراتیژیەتە لە فێرکردندا، کە بریتین لە: پێشبینیکردن و دیارکردن و زیادکردن و تێبینیکردن و نووسین. (جواد، ٢٠٢٠: ٧١٢)

- **(الشربيني والطنطاوي، ٢٠٠٦):** کۆمەڵێك ڕێوشوێنە قوتابی پێیهەڵدەستێت بە ئامانجی بەدیهێنانی داواکاریەکانی سروشتی فێربوون و پرۆسە و مەبەستەکانی هەروەها هۆشیاری بە ڕێکار و چالاکییەکان، کە پێویستە ئەنجامی بدات بۆ بەدیهێنانی ئەنجامێکی دیارکراو. (نزال وزيدان، ٢٠١٨: ٢١٩)

**پێناسەی تیۆری ستراتیژیەتی (پلان-PLAN):** یەکێکە لە ستراتیژیەتەکانی میتاکۆگنیشن، کە چەند هەنگاوێکە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی بابەتی وانە مامۆستا جێبەجێی دەکات لەناو پۆل و قوتابیان لەمیانی بەکارهێنانیدا بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن و متمانە و باوەڕی لا دروست دەبێت.

**پێناسەی ڕێکاری ستراتیژیەتی (پلان-PLAN):** بە یەکێك لە ستراتیژیەتەکانی میتاکۆگنیشن دادەنرێت، مامۆستا بۆ وتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی بۆ گروپی ئەزموونگەری دووەم بەکاریدەهێنێت تیایدا مامۆستا پەیڕەوی هەنگاوەکانی ستراتیژیەتەکە دەکات.

٤. **زیرەکی کەسی: - (الزغول، ٢٠١٢):** بریتیە لە توانا لەسەر ناسینی هەستە خودییەکان و دیارکردنی ئیمکانییەتی خودی و خاڵی بەهێز و لاواز تیایدا. (الزغول، ٢٠١٢: ٢٤٩)

- **(المشيخي، ٢٠١٤):** بریتیە لە توانای تاك بۆ تێگەیشتنی خۆی و خۆیدەبینێتەوە لە چێژبینین لە توانا و پاڵنەر و هەستەکان و سوودوەرگرتنیان بۆ تێگەیشتن لە چاودێریکردنی ئەدا جۆراوجۆرەکان و ڕەفتارەکان و هەوڵدان بۆ چاککردنە نەویستراوەکان تیایدا. (المشيخي، ٢٠١٤: ١٩٦)

**پێناسەی تیۆری (زیرەکی کەسی):** بریتییە لە توانای تاك لە تێگەیشتنی بیرکردنەوە و تێرامان و حەز و ئارەزووەکانی و چاودێریکردنی ڕەفتارەکانی بە دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و لاوازەکانی.

**پێناسەی ڕێکاری (زیرەکی کەسی):** توانای تاکە لەو کارانەی پێیدەسپێردرێت و پێوانەدەکرێت بەو نمرەیەی قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەدەستیدەهێنێت لەکاتی وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری زیرەکی کەسی، کە توێژەر بۆ مەبەستی توێژینەوە ئامادەی کردووە.

٥. **پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی:** مەبەست لەو پۆلەیە کە دەکەوێتە سەرەتای بازنەی کۆتایی قۆناغی بنەڕەتی بە پێی سیستەمی نوێی فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

## لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:

### لایەنی تیۆی:

### ستراتیژیەتی پیکس - PECS:

ئەم ستراتیژیەتە لە ستراتیژیەتە نوێیەکانی ستراتیژیەتی فێربوونی چالاك دادەنرێت، کە پشت بە تیۆری بونیادگەری لە فێرکردندا دەبەستێت و مامۆستا بابەتێك یان کێشەیەك دەخاتەڕوو و قوتابیان گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە دەکەن (النعيمي والجنابي، ٢٠٢٣: ٦٤٠)، ستراتیژیەتی پیکس (PECS) کورتکراوەی چەند وشەیەکە کە مامۆستا بابەتێك یان گرفتێك دەخاتەڕوو، قوتابیان هەڵدەستن بە گفتوگۆکردن لەچوار لایەنەوە، بە بەکارهێنانی ڕێگای زریان (العصف) (امبوسعيدي والحوسنية، ٢٠١٦: ١٤٣)، وشەکان لەم خشتەیەی خوارەوە زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١) واتای پیتە کورتکراوەکانی ستراتیژیەتی پیکس-PECS

| ژ | پیت | وشە بە زمانی ئینگلیزی | وشە بە زمانی عەرەبی | وشە بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | **P** | Problems | المشكلات | گرفتەکان |
| ٢ | **E** | Effects | الاثار | کاریگەری |
| ٣ | **C** | Causes | الأسباب | هۆکارەکان |



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

| ٤ | S | Solution | الحلول | چارەسەری |
|---|---|---|---|---|

**هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی پیکس-PECS:**

١. مامۆستا بابەتی وانە شیدەکاتەوە بەو ڕێگایەی بەگونجاوی دەزانێت.

٢. مامۆستا لاپەڕەی کار بەسەر گروپەکان دابەش دەکات کە هێلکاری و پلانی ستراتیژیەتەکەی لەخۆدەگرێت.

٣. هەر گروپێك هەژاندنێك بۆ هزری خۆیان دەکەن لە گفتوگۆکردنی بابەتەکە لەڕووی گرفتەوە، هەروەها کاریگەری ئەو بابەتە و هۆکارەکان و چارەسەری پێشنیازکراو بۆ گرفتەکە دەکەن.

٤. مامۆستا داوا لە قوتابیان دەکات ئەوەی پێی گەیشتوون جێگیری بکەن و بینووسن لە چوارچێوەی هێلکاری ستراتیژیەتەکە لەلاپەڕەی کاردا. (الباوي والشمري، ٢٠٢٠: ١٥٧)

**ستراتیژیەتی پلان (PLAN):**

یەکێکە لە ستراتیژیەتەکانی سەرووی مەعریفە، کە گرنگی بە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی پێشبینیکراو لای قوتابیان دەدات و هەریەك لە پیتەکانی وشەی (PLAN) ئاماژە بۆ قۆناغێك دەکەن لە چوار هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە لە فێرکردندا، کە بریتین لە: پێشبینیکردن و دیارکردن و زیادکردن و تێبینیکردن و نووسین (جواد، ٢٠٢٠: ٧١٢)، ئەم ستراتیژیەتە جەخت لەسەر بیرکردنەوەی پێشبینیکراو دەکاتەوە لای قوتابی و گەشەپێدانی توانای لەسەر کورتکردنەوەی بابەتی خوێندن، هەروەها چۆنێتی جێبەجێکردنی زانیارییە نوێیەکان و سوود وەرگرتن لێی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەرکانەی لەهەلوێستەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەریەککەوتنی لەگەڵدا دەبێت (عطية، ٢٠١٤: ٢٣٣)، وشەی (PLAN) لەکورتکراوەی چەند وشەیەك پێکدێت، وەك لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢) واتای پیتە کورتکراوەکانی ستراتیژیەتی پلان-PLAN

| ژ | پیت | وشە بە زمانی ئینگلیزی | وشە بە زمانی عەرەبی | وشە بە زمانی کوردی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | P | Predict | تنبأ | پێشبینیکردن |
| ٢ | E | Locate | حدد | دیارکردن |
| ٣ | C | Add | أضف | زیادکردن |
| ٤ | S | Note | لاحظ | تێبینیکردن |

(ابراهيم، ٢٠٠٤: ١٦٢-١٦٥)

**هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی پلان- PLAN:**

هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی پلان (PLAN) بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت، کە بریتین لە:

یەکەم/ پێشبینیکردن: لەم قۆناغەدا قوتابی پێشبینییەکانی لەبارەی بابەتی وانە پێشکەشدەکات لە زانیاری و بۆچوونەکان.

دووەم/ قۆناغی دیارکردن: لەم قۆناغەدا دیارکردنی بیرۆکە ئاشناکان کە نەخشەکە دەریدەبڕێت بە دانانی نیشانەی ئەستێرە یان نیشانەیەکی تایبەت دەبێت.

سێیەم/ قۆناغی زیادکردن: لێرەدا زیادکردنی ئەوەی نوێیە و پێشتر بوونی نەبووە یاخود سڕینەوەی زانیاریەکان کە بوونی هەبوو بەڵام ورد و دروست نەبوو.

چوارەم/ قۆناغی تێبینیکردن و گفتوگۆکردن لەسەری: بەواتای تێبینیکردنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی زانیاریەکان کە وەرگیراون لەمیانی خوێندنی بابەتەکە لە هەڵوێستە نوێیەکان. (عطية، ٢٠١٤: ٢٣٤-٢٣٦)

**زیرەکی کەسی:**

زیرەکی کەسی بە یەکێك لە جۆرەکانی زیرەکی دادەنرێت کە گاردنەر لە تیۆرەکەیدا تیۆری زیرەکی جۆراوجۆر پێشکەشیکرد ، لەبەرئەوەی تیۆرە ئاساییەکانی زیرەکی گرنگییان بەم جۆرەی زیرەکی نەدەدا ، بەڵام دوای دەرکەوتنی بووە جێگەی گرنگیپێدانی زۆربەی زانایان، لەبەرئەوەی رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك بۆ ئەوەی کەسێکی سوودبەخش بێت بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی (الفقي والزهراني، ٢٠١٧: ٨٤)، گاردنەر (Gardner,1983) وادەبینێت ئەم جۆرەی زیرەکی پشت بە پرۆسە سەرەکیەکان دەبەستێت کە تاك دەتوانێت جیاوازی لەنێوان هەستەکانی و کات و بنیاتی نموونەیەکی ئەقڵی بۆ خودی خۆیان بکات بەجۆرێك کاردەکات وەك دەزگایەکی ناوەندی بۆ زیرەکییەکان و تیایدا تاك دەتوانێت تواناکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی بە باشترین شێوە بزانێت (يوسف، ٢٠١١: ٣٢٠).

**جۆرەکانی زیرەکی کەسی:** زیرەکی کەسی دوو جۆر یاخود دوو لایەن لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە:

**یەکەم/ زیرەکی کەسی دەرەکی:** لە نیشانەکانی ئەم جۆرە:

- ئەم جۆرەی زیرەکی باوەڕبەخۆبوونی ناوەکی دەردەخات و دەگەڕێت بەدوای یارمەتیدانی کەسانیتر لەپێناو بڕیاردان.
- حەزی بۆ ڕێکخستنی هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان هەیە و هەستیاری لەبەرانبەر پێویستییەکانی کەسانیتر هەیە.
- پابەندبوون بە پرۆژەیەك لەگەڵ دەستپێکردنی، هەروەها بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کەسانیتر بکات ڕەفتار و هەڵسوکەوتییان هەڵدەسەنگێنێت.
- پاڵپشتیکردنی نموونە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ڕێگەی جۆراوجۆر لە پەیوەندیکردن بە کەسانیتر.
- گرنگیدان بە داواکاریەکانی کەسانی گەورە و بچووك لە خوێندنەوە و یارییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها هەستکردن بە کەسانیتر و چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان و کەسێکی کاریگەر بە بۆچوون و ڕەفتاری کەسانیتر.

**دووەم/ زیرەکی کەسی ناوەکی:** لە نیشانەکانی ئەم جۆرە:

- هۆشیاری خودی لەبەرانبەر هەڵوێستەکان و هەستە ناوەکییەکان.
- هەستیاریەکی بەهێزی هەیە بۆ تێڕوانینە بینراوەکان لەبارەی بابەتێك یان شوێنێك یان وێنەیەك. (حسين، ٢٠٠٦: ٦٩-٧٤)

**توێژینەوەکانی پێشوو:**

- **توێژینەوە لەبارەی ستراتیژیەتی پیکس PECS:**

**توێژینەوەی (احمد، ٢٠٢٣):** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی **(کاریگەری ستراتیژیەتی پیکس (PECS) لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا)**، توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی (الاسکان)ی بنەڕەتی هەڵبژارد سەر بە پەروەردەی گشتی کەرکوك، سەمپڵی توێژینەوە پێکهاتبوو لە (٦٧) قوتابی کچ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) و دابەشکرانە سەر دوو گروپی توێژینەوە، بەجۆرێك گروپی ئەزموونگەری (٣٣) قوتابی بوون و وانەیان بە ستراتیژیەتی (PECS) خوێند و گروپی کۆنترۆلکار (٣٤) قوتابین کە هەمان وانەیان بە ڕێگای ئاسایی خوێند. توێژەر دیزاینی ئەزموونی بە ڕێکخستنی بەشی بەکارهێنا ، هەروەها هاوسەنگی نێوان گروپەکانی توێژینەوەی لە چەند گۆڕاوێك ئەنجامدا، وەك: تەمەنی قوتابی بە مانگ ، نمرەی بابەتی زمانی کوردی بۆ ساڵی پێشوو ، نمرەی زیرەکی، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد و لە (٣٠) پرسیاری جۆری هەڵبژاردن پێکهاتبوو، هەروەها توێژەر دڵنیابوویەوە لە دروستی و جێگیری و ئاستی گرانی و ئاسانی و هێزی جیاکەرەوە و کارایی بەدیلی هەڵە، توێژەر هۆکاری ئاماری بەکارهێنا بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دوو گروپی سەربەخۆی یەکسان و هاوکۆلکەی پەیوەستداری پێرسۆن و چەند هۆکارێکیتری ئاماری، دوای دەرخستنی ئەنجامەکان توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی جیاوازی ماناداری ئاماری بوونی هەیە لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لە دەستکەوتی خوێندنی قوتابیان و لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری کە بابەتی ئەدەبی کوردییان بە ستراتیژیەتی پیکس (PECS) خوێند ، توێژەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو. (أحمد، ٢٠٢٣: ٩٩٥)

- **توێژینەوە لەبارەی ستراتیژیەتی پلان PLAN:**

**توێژینەوەی (نزال وزیدان، ٢٠١٨):** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی **(کاریگەری ستراتیژیەتی پلان PLAN لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی چوارەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا)**، توێژەر بەمەبەست ئامادەیی (الامام للبنین)ی هەڵبژارد کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سەلاحەددینە، سەمپڵی توێژینەوە پێکدێت لە (٥٦) قوتابی کوڕ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) کە دابەشکرانە سەر دوو گروپی توێژینەوە، بەجۆرێك هەریەکە لە گروپەکان لە (٢٨) قوتابی پێکهاتبوون، توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا ، هەروەها هاوسەنگی نێوان گروپەکانی توێژینەوەی لە چەند گۆڕاوێك ئەنجامدا، وەك: تەمەنی قوتابی بە مانگ ، دەستکەوتی ساڵی پێشووی قوتابیان ، دەستکەوتی خوێندنی دایکوباوك ، نمرەی زیرەکی، سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوە و بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجی توێژینەوە، توێژەر تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندنی ئامادەکرد لە (٣٠) پرسیاری جۆری هەڵبژاردن پێکهاتبوو، توێژەر هۆکاری ئاماری بەکارهێنا وەك تاقیکردنەوەی تایی و کای دووجا و هاوکۆلکەی پەیوەستداری پێرسۆن و هاوکێشەی سپێرمان براون و چەند هۆکارێکیتری ئاماری، دوای دەرخستنی ئەنجامەکان توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی جیاوازی ماناداری ئاماری بوونی هەیە لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندندا، لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو. (نزال وزیدان، ٢٠١٨: ٢١٥)

- **توێژینەوە لەبارەی زیرەکی کەسی:**

**توێژینەوەی (مشختي والعبايجي، ٢٠١٩):** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی **(کاریگەری مۆدێلی ویتلی لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە بابەتی پەروەردەی ئیسلامی)**، توێژەر بە مەبەست قوتابخانەی (سیناء للبنات)ی هەڵبژارد لە پارێزگای موسڵ، سەمپڵی توێژینەوە پێکهاتبوو لە (٥٩) قوتابی کچ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) و دابەشکرانە سەر دوو گروپی توێژینەوە، بەجۆرێك گروپی ئەزموونگەری بریتی بوون لە (٣٠) قوتابی کە وانەیان بە مۆدێلی ویتلی وەرگرت و گروپی کۆنترۆلکار بریتیی بوون لە (٢٩) قوتابی کە وانەیان بە ڕێگای ئاسایی وەرگرت، توێژەر دیزاینی ئەزموونی بۆ دوو گروپی یەکسان بەکارهێنا بە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە، توێژەر هاوسەنگی نێوان گروپەکانی ئەنجامدا لە گۆڕاوەکانی: نمرەی نیوەی ساڵی بابەتی پەروەردەی ئیسلامی

پۆلی دووەمی ناوەندی ، نمرەی گشتی نیوەی ساڵی قوتابیان ، تاقیکردنەوەی زیرەکی گشتی، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە توێژەر پێوەری زیرەکی کەسی ئامادەکرد لە (٤٠) برگە پێکهاتبوو بەشێوەی کۆتایی، توێژەر هۆکاری ئاماری بەکارهێنا وەك: تاقیکردنەوەی تی تێست و ئیتای دووجا و تاقیکردنەوەی زایی و هاوکێشەی کیودر ریتشاردسۆن و ئەلفا-کرونباخ و چەند هۆکارێکیتری ئاماری لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS)، دوای خستنەڕووی ئەنجامەکان توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی جیاوازی ماناداری ئاماری بوونی هەیە لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە و لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری کە وانەیان بە مۆدێلی ویتلی وەرگرت، لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو. (مشختي والعبايجي، ٢٠١٩: ٣٩٧)

**شیکردنەوە و بەراوردکردنی توێژینەوەکان:**

**یەکەم: شیکردنەوە و بەراوردکردنی پەیوەست بەتوێژینەوەکانی ستراتیژیەتی پیکس (PECS) و ستراتیژیەتی پلان (PLAN) و گۆڕاوی زیرەکی کەسی:**

- ئامانجی توێژینەوە: توێژینەوە ئاماژەپێکراوەکان لە ڕووی ئامانجەوە جۆراوجۆرن، وەك: ئامانجی توێژینەوەی (أحمد، ٢٠٢٣) بریتیە لە زانینی (کاریگەری ستراتیژیەتی پیکس (PECS) لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا)، هەروەها ئامانجی توێژینەوەی (نزال وزيدان، ٢٠١٨) بریتیە لە زانینی (کاریگەری ستراتیژیەتی پلان PLAN لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی چوارەمی وێژەیی لە بابەتی مێژوودا)، لەلایەکیترەوە ئامانجی توێژینەوەی (مشختي والعبايجي، ٢٠١٩) بریتیە لە زانینی (کاریگەری مۆدێلی ویتلی لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لەبابەتی پەروەردەی ئیسلامی)، هەرچی ئامانجی توێژینەوەی بەردەستە بریتیە لە کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکانی پیکس (PECS) و پلان (PLAN) لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی ئەدەبی کوردیدا.
- ڕێباز و سەمپڵ و ئامرازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوانە لە ڕووی (ژمارە و ڕەگەز و قۆناغی خوێندن و پسپۆڕی و ساڵی خوێندن و شوێنی ئەنجامدانی)، سەمپڵی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە (٣) ژمارە و ڕەگەز و قۆناغی خوێندن و پسپۆڕی و شوێنی ئەنجامدان و ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەی پێشووی پەیوەست بە ستراتیژیەتی پیکس (PECS) و پلان (PLAN) و زیرەکی کەسی

| توێژینەوە | سەمپڵی توێژینەوە | | قۆناغی خوێندن | پسپۆڕی | ساڵی خوێندن | شوێنی ئەنجامدانی | ڕێبازی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕەگەز | | | | | | |
| أحمد، ٢٠٢٣ | ٦٧ | کچ | هەشتەمی بنەڕەتی | ئەدەبی کوردی | ٢٠٢٠-٢٠٢١ | کەرکوک | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن |
| نزال وزيدان، ٢٠١٨ | ٥٦ | کوڕ | چوارەمی وێژەیی | مێژوو | ٢٠١٦-٢٠١٧ | سەلاحەددین | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن |
| مشختي والعبايجي، ٢٠١٩ | ٥٩ | کچ | دووەمی ناوەندی | پەروەردەی ئیسلامی | ٢٠١٣-٢٠١٤ | موسڵ | ئەزموونی | پێوەری زیرەکی کەسی |

هەرچی توێژینەوەی بەردەستە سەمپڵی توێژینەوەی لە(٨٠) قوتابی کچ پێکدێت، لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ لە شاری هەولێردا، هەروەها ڕێبازی ئەزموونی تێدا بەکارهاتووە، لەهەمانکاتدا ئامرازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە پێوەری زیرەکی کەسی.

- هۆکاری ئاماری و ئەنجامەکان: بۆ دەرخستنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوە، توێژینەوەکان هۆکاری ئاماری جۆراوجۆریان بەکارهێناوە، وەك: توێژینەوەی (أحمد، ٢٠٢٣) هۆکارە ئاماریەکانی ئەنجامداوە بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS)، هەروەها توێژینەوەی (نزال وزیدان، ٢٠١٨) هۆکارە ئاماریەکانی وەك تاقیکردنەوەی تایی و کای دووجا و هاوکۆلکەی پەیوەستداری پێرسۆن و هاوکێشەی سپێرمان براون و چەند هۆکارێکیتری بەکارهێناوە. توێژینەوەی بەردەست هۆکارە ئامارییەکانی بەگوێرەی پێویستی توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنا. لەکۆتاییدا گشت توێژینەوەکان گەیشتن بەو ئەنجامەی جیاوازی ماناداری ئاماری بوونی هەیە لەنێوان گروپەکانی سەمپڵی توێژینەوە و لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری، ئەمەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی بەردەست.

## ڕێباز و کردارەکانی توێژینەوە

١. **ڕێبازی توێژینەوە:** بۆ بەدیهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوە توێژەر پشتی بە ڕێبازی ئەزموونی بەستووە بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونەکە.

٢. **دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە:** بنیاتنان یاخود دانانی دیزاینی ئەزموونی کۆمەڵێك ڕێوشوێن لەخۆدەگرێت کە توێژەر بۆ چەسپاندنی ئەو گریمانانەی دایناوە ئەنجامی دەدات، لەم ڕێوشوێنانە هەڵبژاردنی گروپێك لە سەمپڵی توێژینەوە و ڕێگاکانی پۆلێنکردن یان دابەشکردنی و ڕێکخستنی هۆکارە کاریگەرەکانە کە دەمانەوێت پێوانەی کاریگەریەکەی بکەین لە کات و شوێنێکی دیاریکراو و هەڵبژاردنی ئامرازەکانی پێوانەکردنە تیایدا ( عبیدات واخرون، ٢٠٠٥ :٢٣٩)، توێژەر دیزاینی نیمچە ئەزموونی بە ڕێکخستنی بەشی هەڵبژارد (گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار) ، هەروەك لە شێوەی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشینە | ستراتیژیەتی وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشینە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری یەکەم | زیرەکی کەسی | ستراتیژیەتی PECS | زیرەکی کەسی |
| ئەزموونگەری دووەم | | ستراتیژیەتی PLAN | |
| کۆنترۆڵکار | | | |

شێوەی ژمارە (١) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە

٣. **کۆمەڵگای توێژینەوە:** مەبەست لەکۆمەڵگای توێژینەوە گشت تاکەکان یان ئەو شتانەن کە بابەتی گرفتی توێژینەوە پێکدەهێنن و توێژەر هەوڵی گشتاندنی ئەنجامی توێژینەوەکە دەدات

بەسەریان (البطش وأبو زينة، ٢٠٠٧: ٩٧)، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە گشت قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی حوکومی کچان سەر بە ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)کە ژمارەیان (٧٩٦١) قوتابیە لە (٧٤) قوتابخانە کە بەرۆژ دەوام دەکەن.

٤. **سەمپڵی توێژینەوە:** لەبەرئەوەی لەهەندێ بارودۆخدا سەختە توێژینەوە لەسەر هەموو کۆمەڵگا بکرێت باشترە لەڕووی تیۆرییەوە، بەڵام لەڕووی کردەییەوە سەخت دەبێت بەتایبەت بۆ ئەوکۆمەڵگایانەی کە ژمارەی تاکەکانی زۆرن بۆیە پێویستە بەشێك لەوکۆمەڵگایە وەربگیرێت بۆ بابەتی توێژینەوە و گشتاندن بۆ ئەنجامەکان بکرێت لەسەر کۆمەڵگاکە (الكبيسي، ٢٠٠٧: ٢١٧)، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا قوتابخانەی (گەشبینی بنەڕەتی کچان)ی بەمەبەست هەڵبژارد بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی توێژینەوەکە لەبەر چەند هۆکارێك، وەك: بوونی سێ هۆبە بۆ بەجێگەیاندنی توێژینەوەکە و هاوکاریکردنی ستافی قوتابخانە بەپێی نووسراوی پەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر بۆ سەرکەوتنی ئەزموونەکە، دوای ئەوەی کە توێژەر سەردانی قوتابخانەی کرد بۆی دیارکەوت کە پۆلی حەوتەم لەسێ گروپ پێکهاتوون بەجۆرێك هۆبەی (أ) و (ب) و (ج) کەژمارەیان (٢٧) و (٢٨) و (٢٥) قوتابین دوای دوورخستنەوەی قوتابیانی نەهاتوو وکەوتوو کە ژمارەیان بوو بە (٨٠) قوتابی، پاشان بەشێوەی هەڕەمەکی گروپەکانی دابەشکرد لەڕێگەی دانانی ناوی هەرسێ گروپەکە ئەنجامدانی تیروپشك، لەئەنجامدا هۆبەی (أ) بوو بەئەزموونگەری دووەم و هۆبەی (ب) بوو بەکۆنترۆڵکار و هۆبەی (ج) بوو بەئەزموونگەری یەکەم.

٥. **هاوسەنگی گروپەکان:** مەبەست لە هاوسەنگی گروپ پرۆسەی ناسینی تایبەتمەندی کەسیە کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئەنجامی توێژینەوە هەبێت (الوكاع، ٢٠٢١: ٨٠)، لەگەڵ ئەوەی دابەشکردنی گروپەکانی توێژینەوە بەهەڕەمەکی دابەشکران، بەڵام بەگرنگ دەزانرێت لەم توێژینەوەیە هاوسەنگی لەچەند گۆڕاوێك ئەنجام بدرێت، وەك: (تەمەنی قوتابی بەمانگ ، زیرەکی ، پێوەری زیرەکی کەسی)، بۆ زانینی جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان ناوەندەژمێری گروپەکانی توێژینەوە، توێژەر شیتەڵکردنی جیاوازیە یەکییەکان ( One way Anova)ی بەکارهێنا، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە لەخشتەی ژمارە (٤) ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٤) ئەنجامی شیتەڵکردنی جیاوازیە یەکییەکان لەنێوان هەرسێ گروپی توێژینەوە لە هاوسەنگیکردنی نێوان گروپەکان

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (F)ی هەژمارکراو | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەنی قوتابی بەمانگ | جیاوازی نێوان گروپەکان | ٢,١١٠ | ٢ | ١,٠٥٥ | ٠,٠٩٢ | ٠,٩١٢ |
| | جیاوازی لەناو گروپەکان | ٨٨٠,٦٩٠ | ٧٧ | ١١,٤٣٨ | | |
| | جیاوازی گشتی | ٨٨٢,٨٠٠ | ٧٩ | | | |
| زیرەکی | جیاوازی نێوان گروپەکان | ٣٤,١٤٢ | ٢ | ١٧,٠٧١ | ٠,٧٧٨ | ٠,٤٦٣ |
| | جیاوازی لەناو گروپەکان | ١٦٨٩,٣٤٥ | ٧٧ | ٢١,٩٤٠ | | |
| | جیاوازی گشتی | ١٧٢٣,٤٨٨ | ٧٩ | | | |
| پێوەری | جیاوازی نێوان | ٤٨,٣٤٥ | ٢ | ٢٤,١٧٢ | ٠,٢٦٢ | ٠,٧٧٠ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی کەسی | گروپەکان | | | | | |
| | جیاوازی لەناو گروپەکان | ٧١١١,٦٤٣ | ٧٧ | ٩٢,٣٥٩ | | |
| | جیاوازی گشتی | ٧١٥٩,٩٨٨ | ٧٩ | | | |

٦. **دروستی دیزاین:** گۆڕاوی سەربەو کاریگەردەبێت بە گۆڕاوی جۆراوجۆر جگە لە گۆڕاوی ئەزموونی بۆیە پێویستە ئەو گۆڕاوانە ڕێکبخەین و بوارێك بۆ گۆڕاوی ئەزموونی بەتەنها برەخسێنین کە کاریگەری لەسەر گۆڕاوی سەربەو دروستبکات (الدليمي وصالح، ٢٠١٤: ٣٠٨)، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر دڵنیابوویەوە لە سەلامەتی گۆڕاوەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **بارودۆخی ئەزموونەکە و ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان:** لەماوەی ئەزموونندا تووشی هیچ بەربەستێك یان هۆکارێك نەبوون.
- **پێگەیشتن:** تاکەکانی هەردوو گروپی توێژینەوە تاڕادەیەك یەکسانن لە تەمەندا، قوتابیان ڕووبەڕووی پرۆسەی پێگەیشتن دەبنەوە بەمەش کەمتر کاریگەری لەسەر گۆڕاوی سەربەو دەبێت، کەواتە دەکرێ بوترێت کاریگەری ئەم لایەنە نەبوو.
- **جیاوازی لەهەڵبژاردنی تاکەکانی سەمپڵی توێژینەوە:** لەبەرئەوەی هەڵبژاردن و دابەشکردنی گروپەکان بەشێوەی هەڕەمەکی بوون و هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە ئەنجامدرا، بۆیە تاڕادەیەك کارتێکردنی لەسەر گۆڕاوی سەربەو کەمدەکاتەوە.
- **دابڕان و وازهێنان:** لەماوەی ئەزموونیدا هیچ تاکێکی گروپەکانی توێژینەوە خوێندنی جێنەهێشتووە یان گواستنەوەی ئەنجامنەداوە بۆ قوتابخانەیەکی تر، تەنها ناوەناوە قوتابی لە ڕۆژانەدا ئامادەنەدەبوو لەماوەی ئەزموونندا کە تاڕادەیەك یەکسانبوو لەنێوان تاکەکانی سەمپڵی توێژینەوە.
- **ئامرازی پێوانەکردن:** توێژەر ئامرازی (پێوەری زیرەکی کەسی) لەهەمان کات و شوێن بەسەر قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە جێبەجێکرد ، کەواتە کارتێکردنی ئەم هۆکارە بۆ لایەن بوو.
- **کاریگەری تاقیکردنەوەی پێشینە:** توێژەر بەجێبەجێکردنی پێوەری زیرەکی کەسی لە تاقیکردنەوەی پێشینەدا؛ پێش دەستپێکردنی ئەزموون توانی کارتێکردنی ئەم فاکتەرە کۆنترۆڵ بکات لەڕێگەی هاوسەنگیکردنی نێوان گروپەکانی توێژینەوە و دووبارەکردنەوەی ئەم ئامرازانە لەسەر هەمان گروپ لە کۆتایی ماوەی ئەزموونندا.
- **تێکەڵبوونی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنیبوونی هەڵبژاردن:** توێژەر لەمیانی هەڵبژاردنی هەردوو گروپی توێژینەوە بەشێوەی هەڕەمەکی و هاوسەنگیکردنی نێوانیان لەهەندێك گۆڕاودا توانی کاریگەری و کارتێکردنی ئەم هۆکارانە بێ لایەن بکات.
- **کاریگەری کردار و ڕێکارە ئەزموونییەکان:** توێژەر توانی ئەم گۆڕاوە کۆنترۆڵ بکات یاخود سنووورداری بکات، لەڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. **نهێنی ئەزموون و کاریگەری (Hawthorne)**: کاتێك قوتابییانی گروپەکانی توێژینەوە بزانن ئەم کارە ئەزموونە و بۆ توێژینەوەیە ، ڕەنگە بەجۆش و خرۆشەوە سەرەدەری لەگەڵدا بکەن، ئەمەش لەوانەیە کاربکاتە سەر وردی ئەنجامەکان (عبدالدايم، ١٩٨١: ١١٦)، بۆیە توێژەر هەوڵیدا نهێنی ئەزموون بپارێزێت لەڕێگەی وانەوتنەوەکەی کە هەست بکەن ئەم کارە ئاساییە نەك بۆ مەبەستی توێژینەوەیە.

٢. **مامۆستای وانە:** توێژەر خۆی وانەکانی دەگوتەوە لەهەردوو گروپی توێژینەوە بۆ ئەوەی جیاوازی بەکارهێنانی ستراتیژیەتەکان لەلایەن توێژەر دەربکەوێت ، ئەمەش جۆرێك لەوردی لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکان دەرەخسێنێت.

٣. **بابەتی توێژینەوە:** ئەو بابەتانەی دەستنیشانکرابوون بۆ مەبەستی توێژینەوە هەمان ئەو بابەتانە بوون کە بۆ هەرسێ گروپی توێژینەوە دەوترێنەوە لە وەرزی یەکەمی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

٤. **ماوەی ئەزموون:** ماوەی ئەزموون بۆ هەرسێ گروپی توێژینەوە دەستپێکرد لە ڕۆژی یەکشەممە (٢٠٢٤/١٠/٦) تا ڕۆژی یەکشەممە ( ٢٠٢٤/١٢/٨) بەردەوام بوو.

٥. **دابەشکردنی وانەی خوێندن:** توێژەر لەگەڵ مامۆستای بابەتی ڕێزمانی کوردی و بەئاگاداری ستافی کارگێڕی قوتابخانە ڕێککەوت لەسەر خشتەی هەفتانە و کات و ڕۆژی وانەوتنەوە بۆ هەرسێ گروپی توێژینەوە، توێژەر (٦) وانەی دەگوتەوە لەهەفتەیەکدا و دابەشیکردبووە سەر ڕۆژەکانی (یەکشەممە و سێشەممە ).

٦. **شوێن و ژینگەی پۆل:** توێژەر ئەزموونەکەی لەقوتابخانەی (گەشبینی بنەڕەتی کچان) جێبەجێکرد، هەرسێ هۆبە لەڕووی دیزاین و قەبارەی پۆل و ڕووناکی و پەنجەرە و شوێنی دانیشتن وەك یەکبوون و یەکسان بوون.

٧. **پێداویستییەکانی توێژینەوە:** بۆ بەدیهێنانی ئامانجی وانە و گریمانەکانی ، توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوەیان جێبەجێکرد، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **دیاریکردنی بابەتەکانی خوێندن:** توێژەر ئەو بابەتانەی دەستنیشانکرد لە بەشی ئەدەب/ وەرزی دووەم لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی سەر بەوەزارەتی پەروەدە، چاپی (١٦)بۆ ساڵی (٢٠٢٤).
- **ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:** توێژەر (١٤) پلانی وانەوتنەوەی لە بابەتی ئەدەبی کوردی کە لەماوەی ئەزموونندا دەخوێندرێت بەپێی ئامانجە ڕەفتارییەکان ئامادەکرد، بەجۆرێك ستراتیژیەتی (PECS) بۆ گروپی ئەزموونگەری یەکەم و ستراتیژیەتی (PLAN) بۆ گروپی ئەزموونگەری دووەم و ڕێگای ئاسایی بۆ گروپی کۆنترۆڵکار، پاشان توێژەر نموونەی پلانێکی بەگوێرەی هەردوو ستراتیژیەکە و ڕێگای ئاسایی دا بەژمارەیەك لەپسپۆڕ و شارەزایانی لەبوارەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن، بۆ زانینی بۆچوون و پێشنیازەکان، بەمەش ڕێژەی ڕێکەوتنی (٨٥%) و سەرەوەی ڕازیبوونی بەدەستهێنا، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی سەرنج و تێبینیەکانیان لەبارەی دارشتن و لایەنی زمانەوانییەوە.

٨. **ئامرازەکانی توێژینەوە:** توێژەر بۆ مەبەستی توێژینەوە ئامرازی پێوەری زیرەکی کەسی ئامادەکرد.

**پێوەری زیرەکی کەسی:**

**ئامادەکردنی پێوەری زیرەکی کەسی:** دوای پێداچوونەوەی توێژەر بۆ ژمارەیەك لە توێژینەوە پەروەردەییەکانی پەیوەست بە زیرەکی کەسی و ئەو توێژینەوانەی لە توێژینەوەکانی پێشوودا بەکارهاتوون وەك: (عبدالله، ٢٠٢٣)، (عمران، ٢٠٢٣) ، (سوادي وهليل، ٢٠٢١) ، (فرنسيس ومسلم، ٢٠٢١) ، (الستاوي، ٢٠١٣)، توێژەر پێوەرێکی بەشێوەی سەرەتایی ئامادەکرد کە لە (٤٠) برگە پێکهاتووە و هەر برگەیەك (٥) جێگرەوە لەخۆدەگرێت کەبریتین لە: (بەتەواوی ڕازیم، ڕازیم، بێلایەنم، ناڕازیم، بەتەواوی ناڕازیم)، هەروەها بە نمرەی (٥، ٤، ٣، ٢، ١).

**ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوە:** توێژەر هەندێك ڕێنمایی پەیوەست بەچۆنێتی وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری زیرەکی کەسی ئامادەکرد، کەخۆی دەبینێتەوە لە خوێندنەوەی برگەکان بەوردی و هەڵبژاردنی یەك جێگرەوە لەنێوان جێگرەوەکان ، هەروەها وەڵامدانەوەی گشت برگەکان و هیچ برگەیەك بەبێ وەڵام بەجێنەهێڵدرێن و نیشانەی (×) لەژێر جێگرەوەی گونجاو دابنرێت یان هەر نیشانەیەکیتر بێت کە ئاماژە بۆ وەڵامی قوتابی بکات.

**ڕاستی و دروستی ڕووکەشی:** بۆ بەدیهێنانی دروستی ڕووکەشی توێژەر شێوە سەرەتاییەکەی دا بە ژمارەیەك لە پسپۆڕ و شارەزایان لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی و پەروەردە و دەروونزانی، دوای

گەڕانەوەی ئەنجامەکان، توێژەر پشتی بە ڕازیبوونی (٩٥%) و بەسەرەوەی حوکمدەران بەست و ئەو بۆچوونانەشی لەبەرچاوگرت لەبارەی لایەنی داڕشتن و زمانەوانیەوە.

**ڕاستی و دروستی وەرگێڕان:** بەمەبەستی دڵنیابوون لە دروستی ڕووکەشی، توێژەر لیستی پێوەرەکەی دا بە دوو شارەزا لە بواری زمانی کوردی و زمانی عەرەبی، بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستی و دروستی وەرگێڕان، بڕگە و دەستەواژەکان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕا بۆ زمانی کوردی و لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی ، پاشان بەراوردکردنی هەردوو شێوەکە لەلایەن شارەزایەکی بواری پەروەردە و دەروونناسی، بۆ بەراوردکردن و زانینی خاڵی هاوبەشی نێوانیان، دەرکەوت زۆر لەیەکەوە نزیك بوون ، بەمە دەردەکەوێت کە ڕاستی و دروستی وەرگێڕانەکە تەواو و دروستە.

**ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر سەمپڵی پەیپێرد:** بۆ دیاریکردنی ماوەی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە و ڕوونی بڕگەکان، توێژەر هەڵسا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر (٣٠) قوتابی لە هۆبەی (ب) لەپۆلی حەوتەم لە قوتابخانەی (وەنەوشەی بنەڕەتی کچان) بە هاوکاری مامۆستا و ستافی کارگێڕی قوتابخانە، دەرکەوت کە ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوە ڕوونن، هەروەها کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوە (١٩,٥) خولەکە، ئەویش لە ڕێگای تۆمارکردنی کاتی وەڵامدانەوەی قوتابی یەکەم و کاتی وەڵامدانەوەی کۆتا قوتابی لە چوارچێوەی (٣٠) قوتابیەکە.

**هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە:** بەواتای توانای بڕگەکان لە جیاکردنەوەی نێوان ئەو قوتابیانەی ئاستی جیاوازیان هەیە (الخياط، ٢٠١٠: ٢٥٦)، توێژەر هەڵەچنی بۆ وەڵامی قوتابیانی سەمپڵی پەیپێرد کرد کەژمارەیان (١٠٠) قوتابی بوو، نمرەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزکران بەواتای لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە و (٢٧) قوتابی لەگروپی سەرەوە و (٢٧) قوتابی لەگروپی خوارەوە دیارکران، پاشان تاقیکردنەوەی (t.test) بۆ دۆزینەوەی هێزی جیاکەرەوە بەکارهێنرا ، بەم جۆرە بەهای هەژمارکراو (٢,٠٠) بوو لە نمرەی ئازادی (٥٢) و ئاستی (٠,٠٥) ، ئەنجامەکان لەنێوان (٢,١١٦ – ٨,٠٠١) بوو، جگە لە بڕگەکانی (٢ ، ٨ ، ١٨ ، ٢٤ ، ٣٦) کە بەهای هەژمارکراویان کەمتربوو و لابران.

**هاوکۆلکەی پەیوەستداری نمرەی بڕگە بەنمرەی گشتی پێوەرەکە:** پەیوەستداری بڕگە بە پێوەری ناوخۆیی و دەرەکی ئاماژەیە بۆ ڕاستی و دروستیەکەی ، کاتێك پێوەری دەرەکی گونجاو نەبێت ئەوا نمرەی گشتی وەڵامدەر نوێنەرایەتی باشترین پێوەری ناوخۆیی دەکات لە هەژماری ئەم پەیوەندیە (Anastasi,1976: 206)، توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەستداری پیرسۆنی بەکارهێنا بۆ زانینی پەیوەندی نێوان نمرەی بڕگە و نمرەی گشتی دەلالەتی تایی بەکارهێنرا بە بەکارهێنانی یاسای تایی بۆ پەیوەستداری، پاشان بەراوردی بەهای هەژمارکراو لەگەڵ خشتەیی کرا، لە ئاستی (٠,٠٥) و نمرەی ئازاد (٩٨) کە (١,٩٨) بوو.

**جێگیری پێوەر:** کاتێك هەمان ئەنجام یان ئەنجامی نزیك لەو بدات بەدەستەوە لەهەر جێبەجێکردنێك ، چونکە نمرەی قوتابی بەرز و نزم دەبێت بەلام پێگەی قوتابی لەناو گروپەکەی جێگیرە ، بەڵام ئەگەر نمرەی هەندێ قوتابی گۆڕا و کاری کاری کردە سەر پلە و ڕیزبەندی قوتابی ئەوا جێگیریەکەی کەم دەکات (أبو جادو، ٢٠١٤: ٤٠٢)

توێژەر پێوەرەکەی لەسەر (٤٠) قوتابی لە هۆبەی (د و بەشێك لە قوتابیانی هۆبەی هـ) جێبەجێکرد لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی قوتابخانەی (وەنەوشەی بنەڕەتی کچان)، جێگیری پێوەر بەدوو شێواز دەرهێنران:

- **ڕێگای نیوە دابەشبوون:** توێژەر ئەم ڕێگایەی بەکارهێنا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسۆن ، تیایدا بەهاکەی (٠,٧٧) بوو پاشان هاوکێشەی سپێرمان براونی لەسەر جێبەجێکرا لەبەرئەوەی بڕگەکانی پێوەرەکە تاکە (٣٥) بڕگەیە بەهاکەی بوو بە (٠,٨٧)، ئەمەش جێگیریەکی باش و گونجاوە.
- **ڕێگای ئەلفا-کرونباخ:** توێژەر ئەم ڕێگایەی بەکارهێنا و دوای سەرەدەریکردنی ئاماری لەگەڵ بڕگەکانی ئەم پێوەرە ، جێگیری پێوەر لەم ڕێگایەدا (٠,٨٣) ئەمەش جێگیریەکی باشە، بەم

جۆرە پێوەرەکە ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن بەشێوەی کۆتایی کە لە(٣٥) برگە پێکهاتبوو و هەر برگەیەك (٥) جێگرەوە لەخۆدەگرێت.

**پێوەری زیرەکی کەسی بەشێوەی کۆتایی:** دوای کۆتاییهاتنی ئەزموون لەسەر سەمپڵی پەیپێرد و بەکارهێنانی ڕێکاری ئاماری (٥) بڕگە لابران و (٣٥) بڕگە مایەوە، بەم شێوەیە پێوەرەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت.

**جێبەجێکردنی ئەزموون لەسەر سەمپڵی توێژینەوە:** دوای ئەوەی توێژەر هەموو پێداویستی و ڕێکارەکانی ئەزموونی ئامادەکرد، دەستی بە ئەنجامدانی ئەزموونەکەی کرد لە ڕۆژی (یەکشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/٦)ی کۆرسی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) بەردەوام بوو تا ڕۆژی (یەکشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٢/٨)، بەجۆرێك قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم وانە بەستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن و قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دووەم وانە بەستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن هەروەها قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار وانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن ، هەروەها (٢) وانە لەهەفتەیەکدا خوێنران.

**جێبەجێکردنی کۆتایی پێوەری زیرەکی کەسی:**

توێژەر پێوەرەی زیرەکی کەسی بە یارمەتی مامۆستای بابەت تاقیکردنەوەی پاشینەی بۆ ئەم پێوەرە ئەنجامدا و بەسەر قوتابیانی هەرسێ گروپی تویژینەوەی جێبەجێکرد، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٢/١١) ، هەروەك پێشتر بە مەبەستی زانینی هاوسەنگی نێوان گروپەکان ئەنجامی دابوو لەڕێکەوتی (٢٠٢٤/١٠/١).

**هۆکاری ئاماری:** توێژەر بۆ سەرەدەریکردنی ئاماری بەرنامەی ئاماری (SPSS) ی بەکارهێنا.

**خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆ لەسەرکردنیان**

**خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

**<u>گریمانەی سەرەکی یەکەم:</u>**

**جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەر سێ گروپی توێژینەوە لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.**

بۆ بەدیهێنانی ڕاستی ئەم گریمانەیە توێژەر ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری نمرەی قوتابیانی هەرسێ گروپی توێژینەوە ( ئەزموونگەری یەکەم و ئەزموونگەری دووەم و کۆنترۆڵکار) دەرهێنا لە پێوەری زیرەکی کەسی پاشینە بە بەکارهێنانی شیتەڵکردنی جیاوازییە یەکییەکان بۆ زانینی جیاوازی ناوەندەنمرەی قوتابیان ، خشتەی ژمارە (٥) و (٦).

خشتەی ژمارە (٥) ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری بۆ نمرەی قوتابییانی هەرسێ گروپی توێژینەوە لە پێوەری زیرەکی کەسی پاشینەدا

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری یەکەم | 25 | 170.5200 | 4.55631 |
| ئەزموونگەری دووەم | 27 | 164.9630 | 4.55295 |
| کۆنترۆڵکار | 28 | 157.6071 | 7.83316 |

خشتەی ژمارە (٦) ئەنجامی شیتەڵکردنی جیاوازیە یەکییەکان لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابییانی هەرسێ گروپی توێژینەوە لە گۆڕاوی زیرەکی کەسی پاشینەدا

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (F) هەژمارکراو | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زیرەکی کەسی | جیاوازی نێوان گروپەکان | 2230.868 | 2 | 1115.434 | 31.883 | 0.000 |
| | جیاوازی لەناو | 2693.882 | 77 | 34.985 | | |

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (F) هەژمارکراو | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گروپەکان | | | | | |
| | جیاوازی گشتی | 4924.750 | 79 | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە بەهای (F)ی هەژمارکراو (31.883) گەورەترە لە بەهای (Sig.=0.000) لە ئاستی مانادارى (0.05)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی مانادارى ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەرسێ گروپی توێژینەوە، بەمەش گریمانەی سفری سەرەکی سێیەم ڕەتدەکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە تاقیکردنەوەی شیتەڵکردنی جیاوازی ئاراستەی جیاوازی بۆ هەر گروپێك لە هەرسێ گروپی توێژینەوە دیارناکات، بۆیە بەپێویست دەزانرێت پشت بە ئامرازێکی ئاماری تر ببەستین کە جیاوازی نێوان گروپەکان بدۆزێتەوە و ئاراستەیان دیاربکات، لێرەدا توێژەر (Schaffe test)ی بەکارهێنا بۆ بەراوردکردنی ڕەهەندەکان، لەبەرئەوەی پشت بە بەهای خشتەیی تاقیکردنەوەی (F) دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەی پابەندی یەکسانبوونی قەبارەی گروپەکان نابێت. ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

خشتەی ژمارە (٧) بەهای شیفێی هەژمارکراو لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابییانی گروپەکانی توێژینەوە لە پێوەری زیرەکی کەسی پاشینەدا

| گروپەکان | بەهای شیفێی هەژمارکراو | بەهای شیفێی حەرج | Sig |
|---|---|---|---|
| نێوان گروپی ئەزموونگەری یەکەم و کۆنترۆڵکار | 62.949 | 6.3 | 0.000 |
| نێوان گروپی ئەزموونگەری دووەم و کۆنترۆڵکار | 21.259 | | 0.000 |
| نێوان گروپی ئەزموونگەری یەکەم و دووەم | 11.458 | | 0.0047 |

بەپێی خشتەی ژمارە (٧) خستنەڕوو و گفتوگۆی ئەنجامی گریمانە لاوەکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

١. **جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن و ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.** بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی (٧) دەردەکەوێت کە بەهای (Sig.=0.000)ی هەژمارکراو تایبەت بە (Schaffe test) لەنێوان ناوەنمرەی زیرەکی کەسی گرووپەکانی ئەزموونگەری یەکەم و کۆنترۆڵکار بچووکترە لە بەهای (62.949) لە ئاستی ئاماری (0.05)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی زیرەکی کەسی لای قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم کە وانەی ئەدەبی کوردیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی (PECS) وەرگرتووە و قوتابییانی گرووپی کۆنترۆڵکار کە هەمان وانەیان بە ڕێگای ئاسایی وەرگرتووە و لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم، کەواتە گریمانەی سفری لاوەکی یەکەم ڕەتدەکرێتەوە.

٢. **جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری دووەم کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن و ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی پاشینەدا.** بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی (٧)ی سەرەوە دەردەکەوێت کە بەهای (Sig.=0.000)ی هەژمارکراو تایبەت بە (Schaffe test) لەنێوان ناوەنمرەی زیرەکی کەسی گرووپەکانی ئەزموونگەری دووەم و کۆنترۆڵکار بچووکترە لە بەهای (21.259) لە ئاستی ئاماری (0.05)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری دووەم کە وانەی ئەدەبی کوردیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی (PLAN) وەرگرتووە و قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکار کە هەمان وانەیان بە ڕێگای ئاسایی وەرگرتووە و لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونگەری دووەم، کەواتە گریمانەی سفری لاوەکی دووەم ڕەتدەکرێتەوە.

٣. **جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن و گرووپی ئەزموونگەری دووەم کە هەمان بابەت بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسیدا.** بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی (٧)ی سەرەوە دەردەکەوێت کە بەهای (Sig.=0.0047)ی هەژمارکراو تایبەت بە (Schaffe test) لەنێوان ناوەنمرەی زیرەکی کەسی گرووپەکانی ئەزموونگەری یەکەم و ئەزموونگەری دووەم بچووکترە لە بەهای (11.458) لە ئاستی ئاماری (0.05)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم کە وانەی ئەدەبی کوردیان بەگوێرەی ستراتیژیەتی (PECS) وەرگرتووە و قوتابییانی گرووپی ئەزموونگەری دووەم کە هەمان وانەیان بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەرگرتووە و لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم کە ناوەندەژمێری بەرزترە، بەمەش گریمانەی سفری لاوەکی سێیەم ڕەتدەکرێتەوە.

**گریمانەی سەرەکی دووەم:**

**جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەر یەك لە گرووپەکانی توێژینەوە لە هەردوو جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەی پێوەری زیرەکی کەسیدا.** لەژێر ڕۆشنایی ئەم گریمانەی سەرەوە توێژەر چەند گریمانەیەکی خستەڕوو:

١. **جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PECS) وەردەگرن**

**لەگەشەپێدانی زیرەکی کەسی جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەدا.** بۆ بەدیهێنانی ئەم گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (t-test) بۆ دوو سەمپڵی پەیوەستداری بەکارهێنا، ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە روونکراوەتەوە:

خشتەی ژمارە (٨) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ نمرەکانی گەشەپێدانی زیرەکی کەسی (پێشینە و پاشینە)ی گرووپی ئەزموونگەری یەکەم

| تاقیکردنەوە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | بەهای تایی | | نمرەی ئازاد | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| پێشینە | 150.560 | 11.43124 | 19.960 | 12.036 | 8.291 | 2.064 | 24 | 0.000 |
| پاشینە | 170.520 | 4.55631 | | | | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە بەهای (Sig.=0.000) بچووکترە لە بەهای بەڵگەداری (0.05)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابییانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی گەشەپێدانی زیرەکی کەسی و لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی دووەم واتە تاقیکردنەوەی پاشینەدا.

**٢. جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دووەم کە بابەتی ئەدەبی کوردی بە ستراتیژیەتی (PLAN) وەردەگرن لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەدا.** بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم

گريمانەيە تاقيكردنەوەى (t-test) بۆ دوو سەمپڵى پەيوەستدار بەكارهێنرا، ئەنجامەكان بەم شێوەيە بوون:

خشتەى ژمارە (٩) ئەنجامى تاقيكردنەوەى تايى بۆ نمرەكانى گەشەپێدانى زيرەكى كەسى (پێشينە و پاشينە)ى گرووپى ئەزموونگەرى دووەم

| تاقيكردنەوە | ناوەندى ژمێرى | لادانى پێوەرى | ناوەندى ژمێرى جياوازى | لادانى پێوەرى جياوازى | بەهاى تايى: هەژماركراو | بەهاى تايى: خشتەيى | نمرەى ئازاد | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشينە | 151.407 | 10.481 | 13.555 | 11.76806 | 5.985 | 2.052 | 26 | 0.000 |
| پاشينە | 164.963 | 4.552 | | | | | | |

لەم خشتەيەى سەرەوەدا دەردەكەوێت كە بەهاى (Sig.=0.000) بچووكترە لە بەهاى بەڵگەدارى (0.05)، ئەمە ئەوە دەگەيەنێت كە جياوازى مانادارى ئامارى هەيە لەنێوان ناوەندەنمرەى قوتابييانى گرووپى ئەزموونگەرى دووەم لە تاقيكردنەوەى پێشينە و پاشينەى گەشەپێدانى زيرەكى كەسى و لە بەرژەوەندى جێبەجێكردنى دووەم واتە تاقيكردنەوەى پاشينەدا.

٣. **جياوازى مانادارى ئامارى نيە لە ئاستى (0.05) لەنێوان ناوەندەنمرەى قوتابيانى گرووپى كۆنترۆڵكار كە بابەتى ئەدەبى كوردى بە رێگاى ئاسايى وەردەگرن لە گەشەپێدانى زيرەكى كەسى جێبەجێكردنى پێشينە و پاشينەدا.** بۆ بەديهێنانى ئەم گريمانەيە توێژەر تاقيكردنەوەى (t-test)ى بۆ دوو سەمپڵى پەيوەستدارى بەكارهێنا، ئەنجامەكان بەم شێوەيەى خوارەوە بوون:

خشتەى ژمارە (١٠) ئەنجامى تاقيكردنەوەى تايى بۆ نمرەكانى گەشەپێدانى زيرەكى كەسى (پێشينە و پاشينە)ى گرووپى كۆنترۆڵكار

| تاقيكردنەوە | ناوەندى ژمێرى | لادانى پێوەرى | ناوەندى ژمێرى جياوازى | لادانى پێوەرى جياوازى | بەهاى تايى: هەژماركراو | بەهاى تايى: خشتەيى | نمرەى ئازاد | Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشينە | 149.5357 | 6.43763 | 8.0714 | 8.53285 | 5.005 | 2.048 | 27 | 0.000 |
| پاشينە | 157.6071 | 7.83316 | | | | | | |

لەم خشتەيەى سەرەوەدا دەردەكەوێت كە بەهاى (Sig.=0.000) بچووكترە لە بەهاى بەڵگەدارى (0.05)، ئەمە ئەوە دەگەيەنێت كە جياوازى مانادارى ئامارى هەيە لەنێوان ناوەندەنمرەى قوتابييانى گرووپى كۆنترۆڵكار لە تاقيكردنەوەى پێشينە و پاشينەى گەشەپێدانى زيرەكى كەسيدا، لە بەرژەوەندى جێبەجێكردنى دووەم واتە تاقيكردنەوەى پاشينەدا.

**گفتوگۆكردنى ئەنجامەكان:**

ئەنجامەكان ئەوەيان خستەڕوو جياوازى مانادارى ئامارى لە ئاستى (0.05) هەيە لەنێوان هەرسێ گرووپى توێژينەوە لە پێوەرى زيرەكى كەسى، توێژەر ئەنجامەكانى بەم شێوەيە شيكردەوە:

سەركەوتنى گرووپى ئەزموونگەرى يەكەم كە وانەى ئەدەبى كورديان بەستراتيژيەتى (PECS) وەرگرت و گرووپى ئەزموونگەرى دووەم كە وانەيان بەستراتيژيەتى (PLAN) وەرگرت لەسەر گرووپى كۆنترۆڵكار كە هەمان وانەيان بە رێگاى ئاسايى وەرگرت لە پێوەرى زيرەكى كەسيدا، توێژەر هۆكارەكانى گەڕاندەوە بۆ:

- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی (PECS) لە وانەدا قوتابی هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات لەبەرانبەر خۆی و هەروەها لە چوارچێوەی ئەو گروپەی کە بەیەکەوە کاردەکان بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی مەبەستیانە بێتەدی.

- سروشتی ستراتیژیەتی پلان (PLAN) وادەخوازێت قوتابی هەردەم پێشوەختە بەدواداچوون بکات بۆ گەیشتن یاخود کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بە بابەتی وانە؛ لەبەرئەوەی قوتابی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە.

- بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە بووە هۆی ئەوەی بابەتی وانە یاخود زانیاریەکان زیاتر بمێنێتەوە لە هزری قوتابی و بەشێوەیەکی زیرەکانە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەکاریبهێنن.

**سەرئەنجامەکان:** لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا، توێژەر گەیشت بەم سەرەنجامانەی خوارەوە:

- بەکارهێنانی هەردوو ستراتیژیەتەکانی (PECS) و (PLAN) لە وتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کاریگەرییەکی دیار و کارای هەیە لە پێوەری زیرەکی کەسی پاشینە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی بەکارهاتوو لە وانەوتنەوەدا.
- کاریگەری هەریەك لە ستراتیژیەتەکانی گروپی ئەزموونگەری یەکەم کە وانەیان بە ستراتیژیەتی (PECS) خوێند زیاتر بوو بەراورد بە گروپی ئەزموونگەری دووەم کە وانەیان بە ستراتیژیەتی (PLAN) خوێند لە پێوەری زیرەکی کەسی پاشینەدا.
- ستراتیژیەتی (PECS) و (PLAN) کاریگەریان هەیە لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی قوتابییان بەشێوەیەکی کارا لەنێوان هەردوو جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینە و لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی دووەمدا.
- ڕێگای ئاسایی کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی قوتابییان لەنێوان هەردوو جێبەجێکردنی پێشینە و پاشینەدا و لە بەرژەوەندی جێبەجێکردنی دووەمدا.

**ڕاسپاردەکان:** لەژێر ڕۆشنایی ئەنجام و سەرەنجامەکان، توێژەر گەیشت بەم ڕاسپاردانە، کە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارەکانی دەکات:

١. ئاراستەکردنی مامۆستایانی بابەت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە بەکارهێنانی ستراتیژیەتە نوێیەکانی وانەوتنەوە لەبەرئەوەی قوتابیان تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون دەبن، لەوانە ستراتیژیەتی (PECS) و (PLAN).

٢. کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ ئاشناکردنی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە ستراتیژیەتە نوێ و جۆراوجۆرەکانی وانەوتنەوە لەوانە ستراتیژیەتی (PECS) و (PLAN)، هەروەها هاندانیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتانە لە وانەوتنەوەدا.

٣. مامۆستایانی بابەت گرنگی زیاتر بدەن بە زیادکردن و گەشەپێدانی و زیرەکی کەسی قوتابیان، ئەمانە بەدیدێن لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاوی فێربوون و بواردان بەقوتابی کە بیروڕاکانیان دەربڕن و بتوانن بەوپەڕی لێهاتووی توانا و کارامەییەکانیان بەکاربهێنن لەمیانی چالاکی و پرسیارەکانی ناو پۆلدا.

٤. یەکەی پێداگۆجی لەسەرۆکایەتی زانکۆکان هانی کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەتی بدات بۆ بەکارهێنانی ستراتیژیەتە نوێیەکانی وانەوتنەوە و لەنێویشیان هەردوو ستراتیژیەتەکانی (PECS) و (PLAN) لەوانەوتنەوەدا.

**پێشنیازەکان:** لەچوارچێوەی سنووری ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر چەند پێشنیازێك بۆ دارشتنی توێژینەوەکانی ئایندە دەخاتەڕوو:

١. كاريگەری ستراتیژیەتی (PECS) و (PLAN) لە وتنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە گەشەپێدانی گۆڕاویتری زیرەکی وەك زیرەکی زمانەوانی و بینراوی و جۆراوجۆر.

٢. ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەك لەسەر هەر ستراتیژیەتێك كە قوتابی تێیدا تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون بێت لە گەشەپێدانی زیرەکی کەسی لەهەر قۆناغێکی خوێندندا بێت.

٣. كاریگەری ستراتیژیەتی (PECS) و (PLAN) لە وتنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی لەسەر زیرەکی کەسی لای قوتابییانی پۆلەکانیتری خوێندن.

## سەرچاوەکان:

**بەزمانی عەرەبی:**


١. ابراهيم، أ.د. مجدي عزيز (٢٠٠٥). **التفكير من منظور تربوي:** تعريفه . مهاراته . تنميته . أنماطه، الطبعة الأولى، عالم الكتب للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر.

٢. ابراهيم، عبدالعليم (١٩٦٨). **الموجه الفني لمدرسي اللغة العربية**، الطبعة الرابعة عشرة، دار المعرف، القاهرة – مصر.

٣. ابراهيم، مجدي عزيز (٢٠٠٤). **استراتيجيات التعليم وأساليب التعلم**، الطبعة الأولى، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة – مصر.

٤. أبو جادو، صالح محمد (٢٠١٤). **علم النفس التربوي**، الطبعة الحادي عشر، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٥. أحمد، د. مهاباد عبدالكريم (٢٠٢٣). **اثر استخدام استراتيجية بيكس PECS في تحصيل مادة الأدب الكردي عند طالبات الصف الثامن الاساسي**، مجلة الدراسات المستدامة، المجلد ٥، العدد ٤، ملحق: ١، ص ص: ٩٩٥-١٠٢٩، مؤسسة الدراسات المستدامة، بغداد – العراق.

٦. امبوسعيدي، عبدالله بن خميس والحوسنية، هدى بنت علي (٢٠١٦). **إستراتيجيات التعلم النشط – ١٨٠ إستراتيجية مع الامثلة التطبيقية**، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٧. الباوي، ماجدة ابراهيم والشمري، ثاني حسين (٢٠٢٠). **نماذج وستراتيجيات معاصرة في التدريس والتقويم**، الطبعة الأولى، دار أمل الجديدة للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق - سورية.

٨. البطش، محمد وليد وأبو زينة، فريد كامل (٢٠٠٧). **مناهج البحث العلمي تصميم البحث والتحليل الإحصائي**، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٩. جواد، م. حسان علي عبد (٢٠٢٠). **أثر استخدام استراتيجية بلان (PLAN) في التفكير المنظومي لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة القواعد**، المجلد ١٦، العدد ٦٣، مجلة سر من رأى للدراسات الإنسانية، ص ص: ٦٩٩-٧٣٨، كلية التربية، جامعة سامراء، سامراء – العراق.

١٠. الحاوري، د. محمد عبدالله وقاسم، د. محمد سرحان علي (٢٠١٦). **مقدمة في علم المناهج التربوية**، الطبعة الأولى، صنعاء – الجمهورية اليمنية.
١١. حسين، طه (١٩٨٩). **في الأدب الجاهلي**، دار المعارف ، القاهرة – مصر
١٢. حسين، محمد عبدالهادي (٢٠٠٦). **نظرية الذكاءات المتعددة ونموذج تنمية الموهبة**، الطبعة الأولى، دار الأفق للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر.
١٣. الدليمي، أ.د.عصام حسن وصالح، م.م علي عبدالرحيم (٢٠١٤). **البحث العلمي أسسه ومناهجه**، الطبعة الأولى، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
١٤. الزغول، د. عماد عبدالرحيم (٢٠١٢). **مبادئ علم النفس التربوي**، الطبعة الثانية، دار الكتاب الجامعي للنشر، العين – إمارات.
١٥. الزويني، أ. ابتسام واخرون (٢٠١٣). **المناهج وتحليل الكتب**، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
١٦. شحاتة، أ.د. حسن والنجار، أ.د. زينب (٢٠٠٣). **معجم مصطلحات التربوية والنفسية**، الطبعة الأولى، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، مصر.
١٧. عبدالدايم، عبدالله (١٩٨١). **التربية التجريبية والبحث التربوي**، الطبعة الرابعة، دار العلم للملايين، بيروت – لبنان.
١٨. عبدالسلام، محمد (٢٠٢١). **استراتيجيات التعلم النشط**، مكتبة نور.
١٩. عبيدات، د.ذوقان واخرون (٢٠٠٥). **البحث العلمي مفهومه وأدواته وأساليبه**، الطبعة التاسعة، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
٢٠. العتوم، عدنان يوسف واخرون (٢٠١٤). **علم النفس التربوي:النظرية والتطبيق**، الطبعة الخامسة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.
٢١. عطية، د. محسن علي (٢٠١٣). **المناهج الحديثة وطرائق التدريس**، الطبعة الأولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
٢٢. عطية، د. محسن علي (٢٠١٤). **استراتيجيات ما وراء المعرفة في فهم المقروء**، الطبعة الأولى، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
٢٣. علي، أ.د. محمد السيد (أ) (٢٠١١). **إتجاهات وتطبيقات حديثة في المناهج**، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
٢٤. فضل الله، د. محمد رجب (٢٠٠٣). **الاتجاهات التربوية المعاصرة في تدريس اللغة العربية**، الطبعة الثانية، عالم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، القاهرة – مصر.

٢٥. الفقي، أ. د. إسماعيل محمد والزهراني، أ. شريفة احمد (٢٠١٧). **الذكاء الشخصي في ضوء (النموذج المعرفي المعلوماتي لفؤاد أبو الحطب) وعلاقته بالتفكير الناقد**، مجلة جامعة طنطا، المجلد ٦٨، العدد ٤، الجزء الثاني، ص ص: ٧٧-٩٨، طنطا – مصر.

٢٦. الكبيسي، عبدالواحد حميد (٢٠٠٧). **القياس والتقويم تجديدات ومناقشات**، الطبعة الأولى، دار جرير للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٢٧. الكعبي، كرارة عبدالزهرة (٢٠١٨). **استراتيجيات حديثة في التعليم والتعلم**، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٢٨. المسعودي والهداوي (٢٠١٨). **استراتيجيات التدريس في البنائية والمعرفية وماوراء المعرفية**، الطبعة الأولى، دار الرضوان للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٢٩. مشختي، م.م.اميرة مصطفى والعبايجي، أ.م.د. امل فتاح (٢٠١٩). **اثر نموذج ويتلي في تنمية الذكاء الشخصي لدى طالبات الصف الثاني المتوسط في مادة التربية الإسلامية**، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، جامعة تكريت، كلية التربية للعلوم الإنسانية، ص ص: ٣٩٧-٤٣٧، صلاح الدين – العراق.

٣٠. المشيخي، د. غالب محمد (٢٠١٤). **أساسيات علم النفس**، الطبعة الثالثة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٣١. المندلاوي، د. علاء عبدالخالق (أ) (٢٠٢٦). **موسوعة المناهج وطرائق التدريس وفق الاسس الحديثة: الاسس النظرية والفلسفية للمناهج وطرائق التدريس**، الجزء الأول، الطبعة الأولى، مؤسسة دار الصادق الثقافية للطبع والنشر والتوزيع، بابل – العراق.

٣٢. المندلاوي، د. علاء عبدالخالق (ب) (٢٠٢٦). **موسوعة المناهج وطرائق التدريس وفق الاسس الحديثة: استراتيجيات التدريس الحديثة**، الجزء الثالث، الطبعة الأولى، مؤسسة دار الصادق الثقافية للطبع والنشر والتوزيع، بابل – العراق.

٣٣. نزال، أ.م.د. حيدر خزعل وزيدان، روج علي (٢٠١٨). **اثر استراتيجية بلان PLAN في تحصيل طلاب الصف الرابع الأدبي لمادة التاريخ**، مجلة أبحاث الذكاء والقدرات العقلية، العدد ٢٤، ص ص: ٢١٥-٢٣٦، كلية التربية الأساسية، الجامعة المستنصرية، بغداد – العراق.

٣٤. النعيمي، زينة هيثم فيصل والجنابي، أ.م.د. شهاب احمد حنش (٢٠٢٣). **تدريس مادة التربية الاسلامية وفق استراتيجية (PECS) بيكس واثرها في تحصيل طالبات الصف الخامس الاعدادي**، مجلة اداب الرافدين، السنة ٣٥، عدد ٩٣، ص ص: ٦٣٢-٦٦٠، كلية اداب، جامعة الموصل، موصل – العراق.

٣٥. الوائلي، د. سعاد عبدالكريم عباس (٢٠٠٤). **طرائق تدريس الأدب والبلاغة والتعبير بين النظرية والتطبيق**، الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٣٦.الوكاع، عبد حسن عطاله (٢٠٢١). **فاعلية استراتيجيتين مقترحتين على وفق مهارات التفكير التأملي في تحصيل الصف الخامس الأدبي بمادة التأريخ وتنمية التفكيرهن التوافقي،** (أطروحة دكتوراه غير منشورة)، كلية التربية الأساسية، جامعة تكريت، تكريت – العراق.

٣٧.يوسف، د. سليمان عبدالواحد (٢٠١١). **الفروق الفردية في العمليات العقلية المعرفية،** الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

به زمانی ئینگلیزی:

38. Al-Quraishi, Sarah Hajim & Al-Khaffaf, D. Eman Abbas Ali (2021). **The effect of the PECS strategy on the achievement of students of the College of Basic Education in the subject of practical parasites and their analytical thinking**, Journal Psychology and Education, Vol.58, No.3, 2671-2678, ISSN:00333077.
39. Bonwell, Charles C. (2017). **Active Learning Excitement in the Classroom**, ERIC Digest ASHE ERIC Higher Education Reports, the George Washington University, Washington-USA. https://psychologyandeducation.net/pae/index.php/pae/article/view/4320
40. Anastasi, Anne (1976). **Psychological Testing: Basic concepts and common misconceptions**, 6th ed, The Macmillan CO, New York.

Sources

1. Ibrahim, Dr. Magdi Aziz (2005). Thinking from an Educational Perspective: Its Definition, Skills, Development, and Patterns, First Edition, Alam Al-Kutub Publishing and Distribution, Cairo, Egypt.
2. Ibrahim, Abdel-Alim (1968). The Technical Guide for Arabic Language Teachers, Fourteenth Edition, Dar Al-Maaref, Cairo, Egypt.
3. Ibrahim, Magdi Aziz (2004). Teaching Strategies and Learning Styles, First Edition, Anglo-Egyptian Library, Cairo, Egypt.
4. Abu Jadu, Saleh Muhammad (2014). Educational Psychology, Eleventh Edition, Dar Al-Masirah Publishing, Distribution, and Printing, Amman, Jordan.
5. Ahmed, Dr. Mahabad Abdul-Karim (2023). The Impact of Using the PECS Strategy on the Achievement of Kurdish Literature Among Eighth-Grade Female Students, Journal of Sustainable Studies, Volume 5, Issue 4, Supplement: 1, pp. 995-1029, Sustainable Studies Foundation, Baghdad, Iraq.
6. Al-Busaidi, Abdullah bin Khamis, and Al-Housani, Huda bint Ali (2016). Active Learning Strategies – 180 Strategies with Practical Examples, Second Edition, Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution, and Printing, Amman, Jordan.
7. Al-Bawi, Majida Ibrahim, and Al-Shammari, Thani Hussein (2020). Contemporary Models and Strategies in Teaching and Assessment, First Edition, Dar Amal Al-Jadeeda for Printing, Publishing, and Distribution,

Damascus, Syria. 8. Al-Batsh, Muhammad Walid and Abu Zeina, Farid Kamel (2007). Scientific Research Methods: Research Design and Statistical Analysis, First Edition, Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

8. Jawad, M. Hassan Ali Abdul (2020). The Effect of Using the PLAN Strategy on Systems Thinking among Second Intermediate Grade Students in Grammar, Volume 16, Issue 63, Samarra Journal for Human Studies, pp. 699-738, College of Education, Samarra University, Samarra, Iraq.
9. Al-Hawari, Dr. Muhammad Abdullah and Qasim, Dr. Muhammad Sarhan Ali (2016). Introduction to Educational Curriculum Science, First Edition, Sana'a, Republic of Yemen.
10. Hussein, Taha (1989). In Pre-Islamic Literature, Dar Al-Maaref, Cairo, Egypt
11. Hussein, Muhammad Abdul-Hadi (2006). The Theory of Multiple Intelligences and the Talent Development Model, First Edition, Dar Al-Ufuq for Publishing and Distribution, Cairo, Egypt.
12. Al-Dulaimi, Prof. Dr. Essam Hassan and Saleh, M.M. Ali Abdul-Rahim (2014). Scientific Research: Its Foundations and Methods, First Edition, Dar Al-Radwan for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
13. Al-Zaghoul, Dr. Imad Abdul-Rahim (2012). Principles of Educational Psychology, Second Edition, Dar Al-Kitab Al-Jami'i for Publishing, Al Ain, UAE.
14. Al-Zuwaini, A. Ibtisam and others (2013). Curricula and Book Analysis, First Edition, Dar Safaa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
15. Shehata, Prof. Dr. Hassan and Al-Najjar, Prof. Dr. Zainab (2003). Dictionary of Educational and Psychological Terms, First Edition, Egyptian-Lebanese House, Cairo, Egypt.
16. Abdel-Dayem, Abdullah (1981). Experimental Education and Educational Research, Fourth Edition, Dar Al-Ilm Lil-Malayeen, Beirut, Lebanon.
17. Abdel-Salam, Muhammad (2021). Active Learning Strategies, Noor Library.
18. Obaidat, Dr. Thawqan, et al. (2005). Scientific Research: Its Concept, Tools, and Methods, Ninth Edition, Dar Al-Fikr for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
19. Al-Atoum, Adnan Yousef, et al. (2014). Educational Psychology: Theory and Application, Fifth Edition, Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution, and Printing, Amman, Jordan.
20. Atiya, Dr. Mohsen Ali (2013). Modern Curricula and Teaching Methods, First Edition, Dar Al-Manahij for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

21. Atiya, Dr. Mohsen Ali (2014). Metacognitive Strategies in Reading Comprehension, First Edition, Dar Al-Manahij for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
22. Ali, Prof. Dr. Muhammad Al-Sayed (a) (2011). Modern Trends and Applications in Curricula, First Edition, Dar Al-Masirah for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
23. Fadlallah, Dr. Muhammad Rajab (2003). Contemporary Educational Trends in Teaching Arabic, Second Edition, Alam Al-Kutub for Publishing, Distribution, and Printing, Cairo, Egypt.
24. Al-Faqi, Prof. Dr. Ismail Muhammad and Al-Zahrani, Ms. Sharifa Ahmed (2017). Personal Intelligence in Light of Fouad Abu Al-Hatab's Cognitive-Informational Model and its Relationship to Critical Thinking, Tanta University Journal, Volume 68, Issue 4, Part 2, pp. 77-98, Tanta, Egypt.
25. Al-Kubaisi, Abdulwahid Hamid (2007). Measurement and Evaluation: Innovations and Discussions, First Edition, Dar Jarir for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
26. Al-Kaabi, Karara Abdul-Zahra (2018). Modern Strategies in Teaching and Learning, First Edition, Dar Safaa for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
27. Al-Masoudi and Al-Hadawi (2018). Teaching Strategies in Constructivism, Cognitiveism, and Metacognition, First Edition, Dar Al-Radwan for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
28. Mashkhati, M.M. Amira Mustafa and Al-Abayji, A.M.D. Amal Fattah (2019). The Effect of Wheatley's Model on Developing Personal Intelligence among Second-Year Intermediate School Students in Islamic Education, Tikrit University Journal of Human Sciences, Tikrit University, College of Education for Human Sciences, pp. 397-437, Salah al-Din, Iraq.
29. Al-Mashikhi, Dr. Ghalib Muhammad (2014). Fundamentals of Psychology, Third Edition, Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution and Printing, Amman, Jordan.
30. Al-Mandalawi, Dr. Alaa Abdul-Khaliq (a) (2026). Encyclopedia of Curricula and Teaching Methods According to Modern Principles: Theoretical and Philosophical Foundations of Curricula and Teaching Methods, Part One, First Edition, Dar Al-Sadiq Cultural Foundation for Printing, Publishing and Distribution, Babylon, Iraq.
31. Al-Mandalawi, Dr. Alaa Abdul-Khaliq (b) (2026). Encyclopedia of Curricula and Teaching Methods According to Modern Principles: Modern Teaching Strategies, Part Three, First Edition, Dar Al-Sadiq Cultural Foundation for Printing, Publishing and Distribution, Babylon, Iraq.
32. 33. Nazal, Dr. Haider Khazal and Zaidan, Roj Ali (2018). The Effect of the PLAN Strategy on the Achievement of Fourth-Grade Literary

Students in History, Journal of Intelligence and Mental Abilities Research, Issue 24, pp. 215-236, College of Basic Education, Al-Mustansiriya University, Baghdad, Iraq.

33. . Al-Nuaimi, Zeina Haitham Faisal and Al-Janabi, Dr. Shihab Ahmed Hanash (2023). Teaching Islamic Education According to the PECS Strategy and Its Effect on the Achievement of Fifth-Grade Preparatory Students, Journal of Arts of Al-Rafidain, Year 35, Issue 93, pp. 632-660, College of Arts, University of Mosul, Mosul, Iraq.

34. . Al-Waeli, Dr. Suad Abdulkarim Abbas (2004). Methods of Teaching Literature, Rhetoric, and Expression: Between Theory and Practice, First Edition, Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.

35. . Al-Wakkaa, Abdul Hassan Atallah (2021). The Effectiveness of Two Proposed Strategies Based on Reflective Thinking Skills in the Achievement of Fifth Grade Literary Students in History and the Development of Their Constructive Thinking (Unpublished Doctoral Dissertation), College of Basic Education, Tikrit University, Tikrit, Iraq.

36. . Yousef, Dr. Suleiman Abdulwahid (2011). Individual Differences in Cognitive Mental Processes, First Edition, Dar Al-Masirah for Publishing, Distribution, and Printing, Amman, Jordan.

37. Al-Quraishi, Sarah Hajim & Al-Khaffaf, D. Eman Abbas Ali (2021). **The effect of the PECS strategy on the achievement of students of the College of Basic Education in the subject of practical parasites and their analytical thinking**, Journal Psychology and Education, Vol.58, No.3, 2671-2678, ISSN:00333077.

38. Bonwell, Charles C. (2017). **Active Learning Excitement in the Classroom**, ERIC Digest ASHE ERIC Higher Education Reports, the George Washington University, Washington-USA. https://psychologyandeducation.net/pae/index.php/pae/article/view/4320

39. Anastasi, Anne (1976). **Psychological Testing: Basic concepts and common misconceptions**, 6th ed, The Macmillan CO, New York.